پەیامەکانی حەق و نوور

پەیامی (١٨)

## عەقیدەی ئەهلی سوننەو جەماعە

# لای شێخەکانی ئەهلی تەصەوف

نوسینی

**ئیمامی ئەبو قاسم عبد الکریمی کوڕی هەوازینی قوشەیری (و٤٦٥ك)**

لێکۆڵینەوەو پەراوێزدانان

**باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی لێکۆڵەر

الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله، وآله، وصحبه، ومن والاه.

أما بعد:

"خۆشەویستان": وەرگێڕ مامۆستا عبد الكريم فەتتاح ریسالەی قوشەیری کردووە بە کوردی، خودا پاداشتی خێری بداتەوە، ئێمەش کە سەیری بەشی یەکەمی ئەو وەرگێڕانەمان کرد، کۆمەڵێك هەڵەی وەرگێڕانمان تێیدا بینی. وە هەروەها دەستەواژە هەبوو نەکرابووە کوردی، ئیتر لەبیری چووە، یاخود بە ئەنقەست کردوویەتی لەبەر حیکمەتێك. وە هەروەها هەندێ هەڵەی زەقی وەرگێڕانی کردبوو لەمەڕ وەرگێڕانی ئەسمائو سیفاتی خودا. بۆیە ئێمەش وەك ئەمانەتی زانستی و دینی بڕیارماندا کە بەراوردی بکەین بە خودی دەقە عەرەبیەکە. لەوەوە هەڵەکانمان ڕاستکردەوە. بۆیە گۆڕانکاری زۆر کراوە لە خودی کوردیەکە، هەتا شوێن هەیە بەتەواوەتی شێوازی دەربڕینی کوردیەکەی مامۆستا

عبد الكريم فەتتاحمان ڕەشکردووەتەوەو تەعبیرێکی جوانترو ئاسانترمان داناوە.

ئەوەی لەو عەقیدەدا بەدی دەکرێ ئەوەیە: کە بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعە گرینگیەکی ئەوتۆی هەبووە لە دیدگای عاریفەکانی ئەهلی تەصەوف، کە زۆر دەستەواژە هەیە خەڵك وا بە ئاسانی تێی ناگات مەگەر خۆی تامی کردبێ و، ڕۆچووبێ لەو زانستەدا، چ لە ئیستیدلالە نەزەڕیەکە، وە چ لە ئیستیدلالە عەمەلیەکە. هەر بۆیەش ناتوانی وا بە ئاسانی لە وتەکانیان تێبگەی بەبێ هەژموونی نەزەڕی و عەمەلیت لەو مەیدانەدا.

ئیمامی قوشەیری بەیانی عەقیدەی ئەهلی سوننەو جەماعەی کردووە لە "ڕیسالە" بەناوبانگەکەیدا، کە تێیدا وتەی ناودارترین و گەورەترینی مەشایخەکانی ئەهلی تەصەوف خستووەتەڕوو، تاوەکوو خەڵکانێك بە هەڵە لە پێشەوایانی ئەهلی تەصەوف تێنەگەن و بە ئەهلی بیدعەیان لە قەڵەم نەدەن. وە ئەوەش بزانە زاناکانی ئەهلی سوننەو جەماعە لە

هەرچوار مەزهەبە گەورەکەی ئیسلامدا پەیوەندیەکی گورج و گۆڵیان لەگەڵ تەصەوف هەبووە، چونکە تەصەوف ڕووحی دینداریێتی ئەوان و گشت تاکێکی موسڵمان بووە. ئەوەی ڕەتی بکاتەوە ئەوە ڕەتی پایەی سێیەمی دینی کردووە کە مەقامی "ئیحسانە". جا ئەوەی لەو پەیامەدا خراوەتە ڕوو پیشاندانی ناوەندێتی مەشایخەکانی ئەهلی تەصەوفە، لەمەڕ بابەتە کێشە لەسەرەکانی عەقیدە. وە ئەگەر بشتەوێ بەتەواوەتی لە وتەی ئەو زاتانە تێبگەی لەسەرتە پێشینەت هەبێ هەروەك گوتمان، چونکە ئەو پەیامە بۆ ئاستی پلەی خەواص نوسراوە. بەڵام بە ئەندازەی توانا هەوڵمداوە تیشکێك لە پەراوێزدا بخەمە سەری. وە هەروەها پێناسەی ئەو مەشایخانەش بکەم. وە هەروەها سەنەدی وتەکانیشیان بهێنم، چونکە وەرگێڕ لە کوردیەکە ڕەشی کردووەتەوە. وە هەروەها چەند بابەتانێکم لەسەرەوە لەگەڵ مەتنەکە زیادکردووە کە ئیمامی قوشەیری نەیانی هێناوە ئەمەش بۆ دەڵەمەندکردنی ئەو پرسانەیە کە جێگای مشتومڕن لە عەقیدەدا، وە لەوێش ئاماژەیان پێ دەکەم کە کامە بابەتم زیادکردووە.

ئەمەوێ سوپاسی هەموو کەسێ بکەم لە یارمەتیدان و نوسینەوەو کۆکردنەوەی ئەو پەیامە، خودا پاداشتی بەخێریان بداتەوە. وە هیوا خوازم ئەم کارە کەمە ببێتە توێشووی قیامەتی هەموو موسڵمانێك، وە ببێتە مایەی ڕوو سپێتیمان لەبەردەم خواو فروستادە نازدارەکەی و، ئەولیا پاکەکانی. آمین. آمین

لێکۆڵەر

باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان

١٨/ربیع الثاني/ ١٤٤٢ کۆچی

٤/ ١٢/ ٢٠٢٠ زاینی

## پێناسەیەکی ئیمامی قوشەیری

ئیمامی ئەبو قاسم عبد الكريمی کوڕی هەوازینی کوڕی عبد الملكی کوڕی تەڵحەی کوڕی محمدی ئیستووائی قوشەیری نەیسابووری شافیعی ئەشعەرییە. کەسێکی موحەددیس و، موفەسسیرو، خواناس و، زاهیدو، صۆفی و، زانایەکی بیللیمەتی ئەم ئوممەتەیە. لە دایکبووی مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ٣٧٦ کۆچیە لە شاری "ئیستووا". وە ناسناوی قوشەیریشی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی قوشەیری کوڕی کەعب.

ئیمامی عبد الغافری نەیسابووری لە بارەیەوە دەفەرمووێ: "ئیمامە بەڕەهایی، فیقهزان و، موتەکەللیم و، ئوصوڵی و، موفەسسیرو، ئەدیب و، نەحوی و، نوسەرو، شاعیر بوو. زمان و گەورەی سەردەمی خۆی بووە، وە نهێنیەکی خودا بووە لە نێو دروستکراوانی، وە خولگەی حەقیقەت بووە، وە کانگای خۆشبختەتی بووە. کەسێك بووە کە زانستی ئوصوڵی دەزانی لەسەر مەزهەبی ئەشاعیرە، وە فڕوعیشی دەزانی لەسەر مەزهەبی شافیعی".

**وەفاتی**

لە بەیانی ڕۆژی یەکشەممەی ١٦/ ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ٤٦٥ کۆچی لە شاری نەیسابوور وەفاتی کردووە. وە لە تەنیشت شێخەکەی خۆی شێخ ئەبو عەلی دەققاق نێژراوە.

کتێبەکانی

١ـ أربعون في الحديث.

٢ـ إستفاضة المرادات.

٣ـ بلغة المقاصد.

٤ـ التخيير في علم التذكير في معاني إسم الله تعالى.

٥ـ التيسير في علم التفسير.

٦ـ عيون الأجوبة في فنون الأسئلة.

٧ـ الفصول في الأصول.

٨ـ كتاب المعراج.

٩ـ لطائف الإشارات في تفسير القرآن.

١٠ـ المنتهى في نكت أولي النهى.

١١ـ ناسخ الحديث ومنسوخه.

١٢ـ نحو القلوب.

١٣ـ حياة الأرواح والدليل إلى طريق الصلاح.

١٤ـ شكاية أهل السنة بحكاية ما نالهم من المحنة.

١٥ـ منثور الخطاب في شهودي الألباب[١].

---

[١] پێناسەی ئیمامی قوشەیری لێکۆلەر نوسیویەتی. بڕوانە: (الرسالة القشيرية)(ل٥) ط. دار الكتب العلمية. باوکی غەزالی

# تەوحیدو بنەماکانی عەقیدە لای مەشایخە صۆفیەکان

بسم الله الرحمن الرحيم.

لە ڕۆشنکردنەوەی بیروباوەڕی ئەم دەستەیە لە بابەتە ئوصولێەکاندا (تەوحیدو بنەماکانی عەقیدە لای صۆفیەکان) ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، بزانن کەوا گەورە پیاوانی ئەم دەستەیە ڕێساکانی کاروباری ئاینی خۆیان لەسەر بنەمایەکی دروست لە یەکتاپەرستی بینا کردووە، بەو ڕێسایانەش بیروباوەڕی خۆیان لە بیدعە پاراستووەو نزیکبوونەتەوە لەوەی پێشین و ئەهلی سوننەت لەسەری بوون لە یەکتاپەرستیەك کە هیچ جۆرە پێکچواندن و پەکخستن٠"تمثيل" و "تعطيل" تێدا نەبێت، وە بۆیان دەرکەوت و زانیان کەوا حەقیقەت و ڕاستی مانای قەدیمیەت هەر هەبوویی (قِدَمْ) چیە، وە ئەو شتانەشیان لێکۆڵیەوەو تەحقیقیان کرد کەوا سیفەتی بوونە لە نەبوون (واتە: سیفەتی هەبوو لەگەڵ نەبوویان لێك

جیاکردەوە، بەمەش بۆیان دەرکەوت کەوا سیفەتی هەر هەبوویی دەدرێتە پاڵ کێ، وە سیفەتی نەبوونیش دەدرێتە پاڵ کێ)[٢].

هەر بۆیەش سەرداری ئەم ڕێگەیە (شێخ جونەید) ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرمووێت: "یەکتاپەرستی تەنها کردنەوەی قەدیمیەتی هەر هەبوویی خودایە لە دروستکراو".

ئەوان بنچینەکانی بیروباوەڕیان بە بەڵگە ڕۆشنەکان و شایەتییە دیارەکان دامەزراو کردووە هەروەك ئەبو محمدی جەریری (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەفەرمووێ: "هەرکەسێ بە شایەتێك لە شایەتەکانی خوداوە لەسەر زانستی یەکتاپەرستی نەوەستێت هەنگاوی غرووور دەیخاتە ناو چاڵی تیاچوونەوە". مەبەستی بەو قسەیە ئەوەیە: کەوا هەر کەسێ لابکاتەوە بەلای چاولێگەریداو لە بەڵگەکانی یەکتاپەرستی تێڕانەمێنێت

---

[٢] ئەوەی ناو کەوانەکە ڕوونکردنەوەی خۆمە.

له ڕێگاکانی ڕزگاربوون بەردەبێتەوەو دەکەوێتە ناو کۆت و بەندی تیاچوونەوە.

جا هەرکەسێ سەرنج لە گوزارشتەکانی ئەم دەستەیە بدات و قسەکانیان تاوتوێ بکات ئیتر لە کۆی وتە پەرش و بڵاوەکانیان بەهۆی تێڕامانیەوە بۆی دەردەکەوێ کەوا ئەم دەستەیە لە گەیشتن بە ئامانج کەمتەرخەمیان نەکردووە، وە لە بەرزبوونەوە بۆ داواکەیان بێباکیان نەنواندووە.

ئێمە لەم بەشەدا کۆمەڵە ڕستەیەك لە قسە بەر بڵاوەکانیان بە بیر دەهێنینەوە لەوەی پەیوەستە بە باتەکانی ئوصوڵەوە، وە پاشان بەدوایدا ئەوەی پێویستە لە بیروباوەڕیان بەشێوەیەکی کورت و پوخت دەیخەینە ڕوو إن شاء اللە.

# ناسینی خودا

ئەبو بەکری شیبلی ئەفەرمووێت: "واحید (کە خودایە) ناسراوە بەر لە سنوورەکان و پیتەکان"[3]، ئەمەش ڕاشکاوانەیە لە شیبلیەوە

---

[3] شێخ ئەبو بەکری کوڕی جوحدەری شیبلی لە بەغدا لە دایکبووە، بەڵام بنەڕەتی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ "ئویڕون وەشنە" کە شارێکە لەو دیو ڕووبارەوە. هاوەڵی شێخ جونەیدی بەغدادی و ئەوانەی لەسەردەمی ئەو بوونە. شێخی زەمانی خۆی بووە لە ڕووی حاڵ و زانستدا. مەزهەبی مالیکی بووە. هەشتاو حەفت ساڵ ژیاوە. لە ساڵی ٣٣٤ کۆچی وەفاتی کردووەو، گۆڕەکەشی لە بەغدایە. سەنەدی وتەکەی شێخی شیبلی بەو جۆرەیە: (ئیمامی قوشەیری دەفەرمووێ: گوێم لە ئەبو عبد الرحمن محمدی کوڕی حوسەینی سوللەمیەوە بوو ڕەحمەتی خوای لێ بێ، ئەویش گوێی لە عبد الله کوڕی موسای سەلامیەوە بووە کە دەیفەرموو: گوێم لە ئەبو بەکری شیبلی بوو). ئەمانە هەمووی سەلەفی صاڵحن و عەقیدەیان بەو جۆرە بووە کە ئوممەتی ئیسلام لەسەر چاکی ڕێگای ئەو زاتانە یەکدەنگن. باوکی غەزالی

دەریدەخات کەوا "قەدیم هەر هەبوو" پاکی بێگەردی بۆ ئەو سنوورێك بۆ زاتی نیەو، پیت بۆ کەلامی نیە.

پرسیار لە شێخ ڕووەیم کرا دەربارەی یەکەمین فەڕزێك کە خودا لەسەر دروستکراوەکانی فەڕزی کرد چی بوو؟

ئەویش فەرمووی: مەعریفەتە، لەبەر وتەی خوای گەورە: ﴿وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ۝٥٦﴾[4]، واتە: جنۆکەو ئادەمیزادم دروست نەکردووە ئیللا بۆ ئەوە نەبێ کەوا من بپەرستن.

جا ئیبن و عباس دەفەرمووێ: "إلا لیعبدون" بەمانای "إلا لیعرفون" دێ، تاوەکوو بمناسن"[5].

---

[4] سورة الذاریات: ٥٦

[5] شێخ ڕووەیمی بەغدادی یەکێکە لە شێخە مەزنەکان کەسێکی قورئان خوێن و شەرعزانێکی مەزهەبی داودی زاهیری بوو، سالّی ٣٠٣ کۆچی

شێخ جونەیدی بەغدادیش دەفەرمووێ: "یەکەمین شتێك لە گەردانەی حیکمەت بەندە پێویستیەتی ئەوەیە: بەدیهێنەری دروستکراو بناسێت، وە داهێنراو بناسێت کە چۆن داهێنراوە، ئینجا دەزانێ سیفەتی "بەدیهێنەر" لە "دروستکراو" وە سیفەتی "قەدیم هەر هەبوویی" چیەو لێکیان جیا دەکاتەوە، وە خۆی زەبوون دەکات بۆ بانگەوازەکەی (واتە: بەدەم بانگەوازەکەیەوە دەچێ)، وە دان بە واجببوونی گوێڕایەڵی ئەودا دەنێ، چونکە گەر کەسێ خاوەن مولْکەکەی نەناسێت ئەوە دان بەوەدا نانێت کە مولْك کێ خاوەنیەتی"[٦].

---

وەفاتی کردووە. سەنەدی وتەکەشی (ئیمامی قوشەیری دەفەرمووێ: "گوێم لە ئەبو حاتەمی صۆفی بوو کە دەیفەرموو: گوێم لە ئەبو نەصری طوسی بوو کە دەیفەرموو: پرسیار لە ڕووەیم کرا). باوکی غەزالی

[٦] شێخ ئەبو قاسمی جونەیدی کوڕی محمدی بەغدادی، گەورەو سەردارو ئیمامی ئەهلی تەصەوفە. ئوممەتی ئیسلام یەك دەنگن لەسەر پاکی ڕێگاکەی. لە عێراق لە دایکبووە، بەڵام بنەڕەتی خۆی لە شاری نەهاوەندە لای هەمەذان. شەرعزانێکی مەزهەبی ئەبو سەورە، وە لە

ئەبو طەییبی مەڕاغی دەفەرمووێ: "عەقڵ بەڵگەی بۆ هەیە، وە حیکمەتیش ئاماژەی بۆ هەیە، وە مەعریفەتیش شایەتی بۆ هەیە، بۆیە عەقڵ نیشان دەدات، حیکمەتیش ئاماژە دەکات و، مەعریفەتیش شایەتی دەدات: پاکی و بێگەردی عیبادەت تەنها بە پاکی و بێگەردی عیبادەتەوەیە"[٧].

پرسیار لە شێخ جونەید کرا دەربارەی یەکتاپەرستی؟

---

مەجلیسی ئەبو سەوردا فەتوای داوە لە کاتێکدا تەمەنی بیست ساڵان بوو. هاوەڵایەتی خاڵی خۆی شێخ سەری سەقەطی و حاریسی موحاسەبی و محمدی کوڕی عەلی قەصصابی کردووە. لە ساڵی ٢٩٧ کۆچی وەفاتی کردووە. ئیمامی قوشەیری وتەکەی بەرزکردیتەوە بۆ شێخ جونەید سەنەدەکەی لەوێ نەهێناوە. باوکی غەزالی

[٧] سەنەدی وتەکەی ئەبو طەییبی مەڕاغی: (ئیمامی قوشەیری دەفەرمووێ: محمدی کوڕی حوسێن پێی ڕاگەیاندم کەوا گوێی لە محمدی کوڕی عبد الله ڕازی بووە کە دەیفەرموو: گوێم لە ئەبو طەییبی مەڕاغی بوو. باوکی غەزالی

ئەویش فەرمووی: "تەنها کەوتنەوەی یەکتاپەرست بە دەستەبەر کردنی تاوەکوو تەنهایی ئەو بە کەماڵی یەکتایی ئەو: کە ئەو تاکەو لە کەس نەبووەو کەسی لێ نابێت، بە نەرێکردنی دژو هاوبەش و هاوشێوە، بەبێ پێکچواندن و چۆنیەتی کردن و تەصەورکردن و نموونە نواندنەوە: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾[8]، واتە: هیچ شتێك وەکوو خوداو هاوتای خودا نیە، لەگەڵ ئەوەش بیسەرو بینەرە".

پرسیار لە ئەبو بەکر زاهیر ئابادی کرا دەربارەی مەعریفەت؟

ئەویش فەرمووێ: "مەعریفەت ناوە، ماناکەی بوونی بە مەزنڕاگرتنی خودایە لە دڵدا بە جۆرێك ڕێگریت لێ دەکات لە پەکخستن و پێکچوواندن"[9].

---

[8] سورة الشوری: ١١

[9] وتەکەی ئەبو بەکر زاهیر ئابادی ئەمە سەنەدەکەیەتی: (ئیمامی قوشەیری ئەفەرمووێ: محمدی کوڕی یەحیای صۆفی بۆی گێڕاینەوەو

منیش دەڵێم[10]:

واتە: (ناڵێی خودا دەست و چاوی هەیە کە لە خۆی بووەشێتەوە بەڵکوو ئەوە پێکچوواندنە، وە بروامان بە یەدو وەجهو هەموو سیفەتەکانی تر هەیە نەك بە مانای ئەندام و لاشەو ئەوەی لە زاهیردا بە مێشکی مرۆڤدادێ نەخێر حەقیقەتی زاهیری ئەو ئایەتانە بەس خودا دەیانزانێ. سەلەفی صاڵحیش زۆرینەیان تەفویز مەنهەجی بووە بەوەی کە لە پێشووتر باسمان لێوە کرد، چونکە ئەوان بڕوایان بەو سیفەتانە هەبووە نەك وەکوو ئەندام بەڵکوو وەکوو ئەوەی کە هاتووە، وە زیهنی خۆشیان لە شوبهاندن و، تەجسیم و، ئەو وتەیە پاراستووە کە بڵێن: دەستی هەیە بەس لە خۆی بووەشێتەوە نەخێر یەك کەس لە پێشەواکانی سەلەف شتی

---

فەرمووی: عبد الله کوڕی عەلی تەمیمی صۆفی بۆی گێڕاینەوە لە حوسێنی کوڕی دامداغیەوە کەوا فەرموویەتی پرسیار لە ئەبو بەکری زاهیر ئابادیەوە کرا. باوکی غەزالی

[10] ڕوونکردنەوەی باوکی غەزالییە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە.

وایان نەگووتووە، بەڵام پەڕەوانی موجەسسیمەو موشەببیهەو کەڕامیەکان لەو ڕێگایە لایانداو لەفزێکیان داهێنا کە خودا دەستی هەیە لە خۆی بووەشێتەوە، وە باقی سیفەتە خەبەریەکانی تریش، ئەمەش بیدعەیەك بوو لە عەقیدە دایان هێناو لە ڕێگەی سەلەف لایانداو خودایان پێکچوواند بە ئەندام و لاشە کە پێچەوانەی دیدو عەقیدەی سەلەف و ئەهلی سوننەو جەماعەتە، چونکە من و تۆ دەست و پەنجەو چاومان هەیە شایەن بەخۆمانن، وە ئاژەڵانیش دەست و پەنجەو چاویان هەیە شایەن بەخۆیانن، جا خوای گەورە پێچەوانەی بوونەوەرانە ئیتر چۆن دروستە بگوترێ: خودا دەست و چاوی هەیە بەڵام شایەن بەخۆی؟ ئەمەش جەستە دانان و ئەندام دانانە بۆ خودا هەروەك لە شەرحی"عەقیدەی نەسەفی"و"تەحاوی"و"قەواعیدی عەقائیدی ئیمامی غەزالی" ڕەتمان کردووەتەوە. وە کۆمەڵێکیش لە سەلەفی صالح ئەو دەقە موتەشابیهانەیان تەئویل کردووە یەکێ لەوانە ئیمامی ئەحمەدە کە ئیمامی غەزالی ئەفەرمووێ: "گوێم لە زانا متمانە پێکراوەکانی

مەزهەبی حەنبەلی بووە لە بەغدا کە دەیانفەرموو: ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لێدوانی تەئویلکردنی سێ فەرموودەی داوە:

یەکەم: (بەردە ڕەشەکە ڕاستەی خوای گەورەیە)[11].

دووەم: (من هەست بە هەناسەی ڕەحمان ئەکەم لە لای یەمەنەوە)[12].

سێیەم: (دڵی ئیماندار لە نێوان دوو پەنجەی خوای گەورەدایە)[13].

جا ئیمامی ئەحمەد لە مانای زاهیری فەرموودەکە لایداوەو بە مانایەکی تری شایەن بەخوا مانای کردووە، چونکە ئەوە مرۆڤـ و ئاژەڵە

[11] کە حاکم لە (مستدرك)(ب١/ل٤٥٧). وە تەبەڕانی لە (معجم الأوسط) لە عبد الله کوڕی عەمرەوە ڕیوایەتیان کردووە.

[12] تەبەڕانی لە (مسند الشامیین)(ژ١٠٨٣) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە.

[13] موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٦٥٤) لە عبد الله کوڕی عەمرەوە ڕیوایەتی کردووە

پێویستیان بە هەناسەیە نەك خودا. وە هەروەها خودا دەست قاچ و چەنجەی نیەو لاشە نیە تا بچوێندرێ، واتای وایە هەست بە ڕەحمەتی خودا دەکەم لە یەمەنەوە کە وام لێ دەکات وەکوو حەسانەوەی دڵ و دەروون وایەو لە ڕێی هەناسەکانی خۆمەوە هەست بەو ئارامی و ڕەحمەتەوە دەکەم کە لە یەمەنەوە دێ. دڵی ئیمانداریش لە ژێر قودرەت و دەسەڵاتی خوادایە. وە بەردە ڕەشەکەش وەك ئەوە وایە ڕووکنێکی بنەڕەتی بێ بۆ ناسینی خوداو ڕوو کردنە خەڵکی بۆ لای. وە هەروەها ئیبن و لجەوزی حەنبەلی دەفەرمووێ: ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ئەو ئایەتەی تەئویل کردووە: ﴿هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأۡتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِي ظُلَلٖ مِّنَ ٱلۡغَمَامِ ٢١٠﴾[14]، لێرە بە زاهیری ئایەت گوایە خودا لە ڕۆژی دوایی لەناو هەوردا

[14] سوره البقره: ٢١٠

دێ بۆ لای ئەهلی مەحشەر. جا ئیمامی ئەحمەد ئەو هاتنەی بە فرمان و قودرەتی خوای تەئویل کردووە[١٥].

وە چەندەها بەڵگەی تریش کە لەم کتێبەدا باسمان لێوە کرد لەبارەی تەئویلەوە. جا ئەوانەی دەڵێن: تەئویل نیە لە ئەسمائو سیفات ئەمە جەهل و دەمارگیری و چەواشەکاریە بەرامبەر ئوممەتی خۆشەویستمان[١٦].

[١٥] بڕوانە: (دفع الشبهة التشبيه للإمام إبن الجوزي الحنبلي)(ل٢٦). (فيصل التفرقة بين الإسلام والزندقة لحجة الإسلام أبو حامد الغزالي)(ل٦٧) ط دار المنهاج.

[١٦] تا ئێرە ڕوونکردنەوەی باوکی غەزالییە.

## سیفەتەکانی خوا "پاکی و بێگەردی بۆ ئەو"

ئەبو حەسەنی بوشنجی ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرمووێ: "یەکتاییی: ئەوەیە بزانیت خودا بەشتەکان پێك ناچوێندرێ و سیفەتەکانیشی نەفی ناکرێن.

ئەبو نەصری ئەسفنجانی دەفەرمووێ: حوسێنی کوڕی مەنصور (حەللاج)[17] دەیفەرموو: "هەمووانی پابەندی دروستکردن کردووە،

[17] ئەبو موغیس حوسێنی کوڕی مەنصوری حەللاجی زاهیدی مەشهور، خەڵکی بەیزایە، بەڵام لە واسیطی عێڕاق پێگەیشتووە. هاوەڵایەتی ئەبو قاسم جونەیدی بەغدادی و غەیری ئەوی کردووە. لە ساڵی ٢٩٩ کۆچی هەندێ دەستەواژەی لە حاڵەتی مەستی زیکرو فیکردا دەربڕیوە کە وتەکان بە ڕووکەش پێچەوانەی شەریعەتە، ئیتر خەڵکیش دەسەڵاتیان لەو وتانە ئاگادار کردەوەو مەحکەمە کراو چەند ساڵێکی خیاند ئینجا لە ساڵی ٣٠٩ کۆچی بەبێ ڕەحمی کوشتیان. کە سەرەتا دەست و قاچیان بە

چونکە قەدیمی و هەر هەبوویی تەنها بۆ خۆیەتی، وە ئەوەی بە جەستە دەردەکەوێ سیفەتی لابەلا لەگەڵی دەبێت. وە ئەوەیشی کۆبوونەوەی بە ئامرازەکانەوەیە هێزی ئامرازەکان کۆی دەکەنەوە، وە ئەوەی کاتێك کۆی دەکاتەوە کاتێك (دێ) بڵاوەی پێ دەکات، وە ئەوەی کەسێکی تر ڕاگیری دەکات لەبەر پێویستی پێیەوە دەلکێ، وە ئەوەیشی وەهم زەفەری پێ دەبات تەصەوڕکردن بۆ لای بەرز دەبێتەوە، وە ئەوەیشی شوێنێك لە ئامێزی بگرێت لە کوێ بوون پێی دەگات، وە هەرکەسێکیش ڕەگەزی هەبێت داواکەرەکەی چۆنچۆنی دەبێت.

پاکی و بێگەردی بۆ ئەو زاتێکە "سەر" سێبەری بۆ ناکات، "ژێر" هەڵیناگرێت، "سنوور" ڕووبەڕووی نابێتەوەو "لا" تەکی پێ هەڵناچنێت، "دوا" چوار چێوەداری ناکات، "پێشیش" سنووری بۆ دانانێت، "پێش" ئەو دەرناخات و "پاشیش" ئەو لەناو نابات.

---

زیندوویی لێ کردەوە، پاشانیش لەسەریانداو سوتاندیان، هەندێ لەو وتانەی کە ئەیگوتن (أنا الحق، مافی جبتی إلا الله، هتد). باوکی غەزالی

وەصفەکەی: چۆنیەتی بۆ نیە. کارەکەی: هۆی بۆ نیە. بوونیشی: کۆتایی بۆ نیە. لە حاڵ و باری دروستکراوانیشی پاك و بێگەردە. هیچ تێکەڵیەکی لەگەڵ دروستکراوانی نیە. لە کارەکانیدا ناوەندی بۆ نیە. بە قەدیمیەتی خۆی لەوان جیابۆتەوە، وەك چۆن بە سنووردارێ خۆیان لەو پاکی و بێگەردی بۆ ئەو لەو جیابوونەتەوە.

گەر بڵێی: کەی؟ وە گەر بڵێی: هُو، واتە: ئەو، ئەوە "هاء" و "واو" دوو پیتی دروستکراوی ئەون. وە ئەگەر بڵێی: لە کوێ؟ ئەوە شوێن و جێگا پێش وجودی کەوتووە.

پیتەکان ئایەتەکانی ئەون. وە بوونیشی بەڵگەیە لەسەر وجودی. وە ناسینیشی یەکتایی ئەوە، وە یەکتایشی جیاکردنەوەو جیاوازی ئەوە لە بوونەوەرانی. ئەوەی لە ئەندێشەکاندا تەصەوڕ دەکرێ ئەو پێچەوانەیەتی. چۆن شتێك تێکەڵ بەو دەبێت کە سەرەتاکەی لە خودی ئەوەوە نەبوو بێت؟ یان بگەڕێیتەوە بۆ لای لە کاتێکدا ئەو بەدیهێناوە؟ بە چاوی سەر نابینرێت (لە دونیا)، ئەندێشەو گومانەکان نایگەنێ، نزیکییەکەی

ڕێزلێنانه، دوورییەکەشی ئیهانەیەتی، بەرزیەکەی بەرزبوونەوەو چوونە سەرەوە نیە، وە هاتنیشی گواستنەوەو جوڵانەوە نیە (لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر) ﴿هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ٣﴾[18]. واتە: زاتێکی وەهایە یەکەمەو بێ سەرەتا، وە کۆتایە بێ لەناوچوون، وە دیارەو لەسەرووی ئەو شت نیە، بە زانستی خۆیشی ئاگاداری ناوەوەی هەموو شتێکە. ونزیك و دوورە[19]، زاتێکە هیچ شتێك وەکوو ئەو نیەو هاوتای نیە لەگەڵ ئەوەش بیسەرو بینەرە.

---

[18] سورة الحديد: ٣

[19] مامۆستا نورسی دەفەرمووێ: "خودا دووری ڕەها لە بوونەوەرانی دوورە". وتەکانی تەواو بوو. منیش دەڵێم: "خودا بێ کۆتاو بێ سنوورە بە ڕەهایی، بۆیە هەرگیز مرۆڤـ ناتوانێ پەی بە ڕەهایەتی خودا ببات، لەگەڵ ئەوەش بە ئەندازەی نزیکی ڕەهاش لە بوونەوەرانی خۆی نزیکە بە زانستەکەی (ونحن أقرب إليه منكم)(ونحن أقرب إليه من حبل الوريد) ئێمە نزیکترین لە ئێوە لەو، وە ئێمە لە شا دەماری مرۆڤـ نزیکترین لە

لە یوسفی کوڕی حوسێنەوە گێڕدراوەتەوە کە دەفەرمووێ: پیاوێك لەبەردەم زوننونی میسری هەڵسایەوەو گوتی: هەواڵم بدەرێ لەبارەی یەکتاپەرستییەوە کە چییە؟

ئەویش فەرمووی: "بریتیە لەوەی کەوا بزانی تواناو دەسەڵاتی خودا لە شتەکاندا بەبێ تێکەڵی بوونە، وە بەدیهێنانەکەشی بۆ شتان بەبێ ئەوەی وا بزاتی دانیشتووەو چارەسەری ئەو کارانەی کردووە، وە هۆی بوونی هەموو شتێکیش دروستکردنەکەیەتی لە لایەن خۆیەوە، بەڵام

---

مرۆڤـ. سەبارەت بە چوونی سەروەرمان بۆ ئاسمانەکان ئەوە نزیکی ڕێزلێنان و نیشاندانی قودرەتی خوای گەورە بوو بۆ سەروەرمان تا دڵی بدرێتەوە لەوەی کە خەڵکی تائیف بەرد بارانیان کرد. نەك نزیکی شوێن و مەکان بێ. وە سەبارەت بە سەنەدی وتەکەی حەللاجیش ئیمامی قوشەیری دەفەرمووێ: شێخ ئەبو عبد الرحمانی سوللەمی هەواڵی پێداین و فەرمووی: گوێم لە محمدی کوڕی غالب بوو کە فەرمووی: گوێم لە ئەبو نەصر ئەحمەدی کوڕی سەعیدی ئەسفەنجانی بوو کە دەیفەرموو: ئینجا وتەکەی حەللاج. باوکی غەزالی

هۆیەکیش نیە بۆ دروستکردنەکەی، لە ئاسمانە بەرزەکان و زەویە نزمەکاندا کار هەڵسوڕێنەرێك بوونی نیە جگە لە خوا نەبێ، جا هەموو ئەوەی لە ئەندێشەی خۆتدا دەربارەی خودا تەصەوری بۆ دەکەیت خودا بەو جۆرە نیەو پێچەوانەی ئەو تەصەوڕەی زیهنی تۆیە"[٢٠].

---

[٢٠] سەوبانی کوڕی إبراهیمی ئیخمیمی میسری ئەبو فەییاز یاخود ئەبو فەیز. یەکێکە لە ئەولیاو زاهیدو خواپەرست و زاناکانی ئەم ئوممەتە. تۆمەتبار کرا بە زیندیقیەتی، بەڵام کاتێ کە هێنایانە لای خەلیفەی عەبباسی پەشیمان بوونەوەو زۆر ڕێزیان لێ گرت، وای لێ هات کە لە چاوی خەلیفەدا ڕێزێکی تایبەتی پەیدا بکات. لە ساڵی ٢٤٥ کۆچی لە جیزە لە وڵاتی میسر وەفاتی کردووە. یەکێکە لە زاهیدەکانی سەلەفی صاڵح. سەنەدی وتەکەی زوونوونی میسری بەو جۆرەیە: ئیمامی قوشەیری دەفەرمووێ: "گوێم لە ئەبو حاتەمی سەجستانی بوو کە دەیفەرموو: گوێم لە ئەبو نەصری طوسی ئەسسیڕاج بوو کە لە یوسفی کوڕی حوسێنەوە دەیگێڕایەوە کە فەرموویەتی: ئینجا بەسەرهاتەکە. باوکی غەزالی

شێخ جونەید دەفەرمووێ: یەکتاپەرستی ئەوەیە زانستت هەبێت ودان بەوەدا بنێیت کە خودا لە ئەزەلەوە تاك و تەنیایە، دووەمی لەگەڵ نیەو هیچ شتێك نەبووە بەر لە زاتی تا کار بکات".

منیش دەڵێم[21]:

لێرەدا دەوەستم لەسەر وتەکانی ئیمامی قوشەیری و هەڵوەستەیەك دەکەین لەسەر وتەی شێخ جونەید.

مەترسیدارترین بابەت کە شێخ تقی الدین ئیبن و تەیمیە تێیکەوتبێ بابەتی زنجیرەی بەدیهێنانەکانە واتە: یەك لە دوای یەك بە هەمیشەیی لەگەڵ خوادا، هەروەك لە حەوت شوێنی کتێبەکانی خۆیدا لێدوانی لەبارەوە داوە، ئێمە تەنیا یەکێکیان دەهێنین کە لە شەرحی فەرموودەی عیمرانی کوڕی حوصەیندا دەڵێ: "ئەگەر بگوترێ: بەردەوام بەدی دێنێ، مانای وایە بەردەوام مەخلوق بەدی دێنێ مەخلوق لە دوای مەخلوق،

[21] لێرەوە وتەی باوکی غەزالی دەست پێ دەکات.

هەروەکوو چۆن بەردەوام لە هەتا هەتایە مەخلوق بەدی دێنێ مەخلوق لە دوای مەخلوق، وە نەفی دەکەین هەروەکوو چۆن نەفی ئەو دەکەین لە ڕووداوەکان و جوڵانەوەکان شت لە دوای شتەکان، وە لەوەشدا کردەوە وەصفی نیە بە بەردەوامی، وە نە لەگەڵیشیدا کارتێکراوێك لە کارتێکراوەکانی بوونی هەیە بە خودی خۆی، جا ئەگەر بێت و تەقدیر کرا بەوەی کەوا جۆرێتیەکەی بەردەوام لەگەڵی بووە ئیتر ئەم جۆرە لەگەڵێتیە شەرع و عەقڵ نەفیان نەکردووە، بەڵکوو ئەمە لە کەماڵێتی خوای گەورەدایە هەروەکوو فەرموویەتی ﴿أَفَمَن يَخۡلُقُ كَمَن لَّا يَخۡلُقُۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ١٧﴾[٢٢]، ئایە ئەوەی بەدی دێنێ وەکوو ئەو کەسەیە کە هیچ بەدی ناهێنێ؟! بۆیە بەدیهێنراو بەردەوام لەگەڵی بووە". وتەکەی تەواو بوو

---

[٢٢] سورة النحل: ١٧

تەبعەن ئیستیدلالی ئایەتەکەو مەوزوعەکەی ئیبن و تەیمیە ئاسمان و ڕێسمان لێك دوورن، هەموو لێکۆڵەرانی فەلسەفی و زاناکانی ئەهلی سوونە لە ئەشاعیرەو ماتۆریدییەکان گەواهی ئەوە دەدەن کە لە چەندین شوێن ئیبن و تەیمیە لێدوانی قەدیمیەت و هەمیشەیی مەخلوقی داوە لەگەڵ خوادا لە ئەزەلدا، واتە: لای ئیبن و تەیمیە ئەم گەردوونە مەخلوقەو بەدی هاتووەو لە پێشدا بوونی نەبووە، بەڵام پێش ئەم گەردوونە گەردوونی تر یاخود مەخلوقی تر هەبوونە ئیتر یەك لەدوای یەك بە هەمیشەیی لەگەڵ خوادا، کە قیدەمی نەوعی جۆرێتی پێ دەڵێن، ئەم بۆ چوونەشی لە ئیبن و ڕوشدو فەیلەسووفە یۆنانیەکان وەرگرتووە، چونکە فەیلەسوفەکان پێیان وابوو هەیولی کە ماددەیە ئەزەلیە لەگەڵ خوادا، جا ئیبن و تەیمیە ئەوەی لە بیرچووە مەخلوقیش لە ماددەو هەیولی پێکهاتووە. وە ئیمامی غەزالیش لە کتێبی (تهافت الفلاسفة) پووچی ئەو وەهمانەی خستووەتە ڕوو کە کراونەتە بەڵگە ئەمەش بە بەڵگەی عەقڵی، ئەوەی ئیبن و تەیمیە لێرەدا دەیڵێ تەنیا وەهم و هەڵەیەکی زەقە، چونکە پێچەوانەی عەقیدەی سەلەفی صاڵحە، وە پێچەوانەی عەقڵی

سەلیمە، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرمووێ: (کان الله ولم یکن شيء معه، وکان عرشه علی الماء) واتە: خودا هەبوو هیچ شتێك لەگەڵی نەبووە، وە عەرشەکەشی لەسەر ئاو بووە، جا هەروەك زاناکان دەفەرموون: کانەی یەکەم تامەیە کە بۆ بەردەوامبوونە هەروەکوو دەگوترێ: (وکان الله عفورا رحیما) واتە: خودا بەبەردەوام لێخۆشبوو میهرەبانە، تەفسیری ئەوەی ناکرێ بگوترێ: خودا لە ڕابووردوودا لێخۆشبوو میهرەبان بووە. بۆیە خودا هەبوو لە پێش ئەو هیچ بوونەوەرێك و مەخلوقێك وجودی نەبووەو لە ئەزەلدا تەنیا خۆی هەبووە. وە کانەی دووەمیش ناقیصەیە کە بۆ ساتێ بە کاردێ لە مەوپێشدا وجودی نەبووە بۆ نموونە: کان زید قائما، واتە: زەید وەستابوو، بەمانای ڕابووردوو دێ کە زەید بینراوە ڕاوەستاوە، وە بەمانای ئەوەش نایێ زەید بە هەمیشەیی لە ڕابووردوودا وەستاوە، چونکە ئەوەی وا بڵێ قلو فولی عەرەبی لێك ناکاتەوە. جا زاناکانی ئیسلام هەموو موتتەفیقن کە لەمەو پێشدا عەڕش وجودی نەبووە دواتر دروستکراوە، وە چەندین فەرموودەش

هەیە باسی خەڵقکردنی عەرش دەکات. ئەم شەرحی کانەی تامەو ناقصەیە ئیمامی طیبی کردوویەتی بەندەش نموونەکانی بۆ زیادکردووە.

وە لە فەرموودەی تردا هاتووە یەکەم شتێك کە دروستی کرد قەڵەم بوو دواتر پێی گوت بنووسە...، لەم بەڵگە نەقڵیانەوە بۆ بیرو بۆچوونە وەهمیە فەلسەفیەکەی ئیبن و تەیمیە کە بەردەوام تانەی لە ئەشعەری و ماتۆریدی داوە بەوەی کەوا عەقڵیان پێش خستووە بەسەر نەقڵدا بۆمان دەردەکەوێ کەوا خۆی کەوتووەتە نێو وەهمی پووچی فەلسەفەوە، وە بۆمان دەردەکەوێ کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نەفی مەخلوقاتی کردووە لەگەڵ خوادا چ قەدیمیەتی جۆرێتی، وە چ قەدیمیەتی گشتی گەردوون.

ئیبن و تەیمیە پێی وایە کەماڵی خودا لەوەدایە کەوا شت دروست بکات، باشە ئێمەش دەڵێین: کەماڵی خودا لەوەدابوو هەر لە ئەزەلدا خودا حەزرەتی محمدی صلی الله علیه وسلم لەگەڵ خۆیدا هەبایە، جا ئەمەش و ئەوەی تۆش گشتی هاوبەشدانانە بۆ خودا، دواتر چۆن زانیت

کەماڵی خودا لەوەدایە؟! بۆ خودا نەقصی هەیە تا بە مەخلوقات کامڵ بێ؟ بۆ لە دروستکردنی مەخلوقاتدا سیفەتی کەماڵێتی زیاد دەبێ؟ ئەی نەتبیستووە خودا دەفەرمووێ: والله عني عن العالمين. خودا بێ ئیحتیاجە لە هەموو بوونەوەرانی. ئیبن و تەیمیە پێی وایە ئەگەر شت نەخولقێنێ لە ئەزەلدا ئەوە سیفەتی پەککەوتووە، ئایا لە دروست نەکردنی حەزرەتی محمددا لە ئەزەل سیفەتی پەککەوتووە؟! ئەوەی منیش و ئەوەی تۆش هاوبەشدانانە بۆ خودا، ئەو پێی وایە ئەگەر لە پێش گەردووندا شتی بەدی نەهێنابێ ئەی ئەو ماوە ئەزەلیە چی کردووە؟ ئێمەش بەو چەند خاڵە وەڵامی دەدەینەوە.

یەکەم: خودا زاتێکە هەتا بە مەجازیش تەفەککوور نایگرێتەوە، ئەرستۆ دەڵێ: لە حاڵەتی تەفەککور لە زاتدا بووە، ئەمە بە حیسابی ئەرستۆ واتە لە بیرکردنەوەی زاتی خۆیدا بووە، هەر چەندە خودا پێچەوانەی بوونەوەرانە تا بڵێین بیردەکاتەوە، چاکتر وابوو بیگوتایە لە حاڵەتی هەمیشەیی خۆیدا بووە، چونکە تەفەککور دەستپێك و سەرەتای

هەیەو کۆتایی هەیەو گۆڕانی بەسەردا دێت، وە هەمیش دەچێتە ناو ئەزموون و تەجرەبە کە لەمەو پێشدا زانستی لە بارەوە نیە، بۆیە ئەمانەش مەحاڵە دەرحەق خوای مەزن. وەڵامی یەکەمان بۆ ئیبن و تەمیە ئەوەیە خودا لە حاڵەتی هەمیشەیی خۆیدا بووە.

دووەم: خوای گەورە دەفەرمووێ: (کل یوم هو فی شأن)، خودا هەموو ڕۆژێ کارێکی هەیەو دەری دەخات بۆ بوونەوەرانی، جا بەر لە گەردوون "یَوْم" واتە: ڕۆژ نەبووەو زەمەنیش پەیوەستە بە مەخلوقاتەوە کە شموولی خوا ناکات. جا دڵنیام ئەو شەئنە تەقدیردانانی بوونەوەرانە بە حیسابی ئێمە، ئەمما لە حەقیقەتدا تەقدیرەکەی ئەزەلی و ئەبەدیە، ئەزەلی و ئەبەدیش ڕەهایەو بێ سەرەتاو بێ کۆتا.

سێیەم: ئەوە وەهمی بەڕێزتانە کە ماوە بۆ خودا دادەنێن، مەعلومیشە کە خودا خاریجی شوێکاتە، ئیتر ئەوە عەقڵی مرۆڤە داخوازی ماوە دانان دەکات، هەر بۆیەش خەیاڵ وەهمی کات دەکات.

کەچی لە بنەڕەتدا دەرحەق بە زاتی باری تەعالا ناگوترێ تاماوەی بۆ دابنرێت.

تێبینی: دەبێ ئیبن و تەیمیە وەڵامی ئەوەمان بداتەوە

مەخلوق کە پێکهاتووە لە ماددە ئایە وجودی پێش وجودی خوا کەوتووە یان دواکەوتووە؟

ئەگەر پێش خوا کەوتووبێ ئەوە بە زەڕوڕەتی عەقڵ و شەرع باتڵە، وە ئەگەر لەگەڵ خواش بێ بە هەمان شێوە باتڵە، چونکە ئەمە وەکوو نەزەریەی فەیزی لێ دێ، وەکوو تیشکی خۆر بۆ خۆر، واتە: لێرەدا خودا واجبی وجود نیەو بکەری سەرپشکیش نیە، وە مەخلوقاتیش نابنە مومکینی وجود واتە: دەکرا هەبن، وە دەشکرا نەبن، بەڵکوو بە زەڕوڕەت دەبنە واجبی وجود، واتە: مادەم وجودی خوا هەبێ وجودی مخلوقیش ڕاستەوخۆ دەبێ بەبێ ئەوەی خودا ویستی لەسەر هەبێ،

بەمەش خودا توانای نیە سەرپشك بێ لە دروستکردن و دروست نەکردن، وە خودایەتیش دراوەتە دەست مەخلوقات.

وە حوججەتولئیسلامیش (خودا ڕووحی پیرۆز بکات) لە ڕەددی ئەوانەی کە دەڵێن ماددەو مەخلوق هەمیشەیین دەفەرمووێ: "ئەگەر خودا ویستی لەسەر بوو دەیهێنێتە دی، وە ئەگەر ویستیشی لەسەر بوو لەناوی دەبات، ئەوەش مانای کەماڵی تەواوی توانای خودایە، لە کۆی هەموو ئەمانەشدا لە خودی خۆیدا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بەڵکوو کردارەکە دەگۆڕێت، هەرچی ئەو وتەیەتانە کە دەڵێن: پێویستە بکەر (فاعل) کردارێکی لێ دەربچێت، ئەوەی لێی دەرچووە چیە؟! ئێمەش دەیڵێین: ئەوەی دەرچووە تازە بەدیهاتووەکەیە (ما تجدد) کە بریتیە لە نەبوو، لەبەرئەوەی نەبوو بوونی نەبوو، ئینجا بەدیهات و هاتە کایەوە، کەواتە ئەو نەبووەی لێ دەرچووە"[٢٣].

[٢٣] (داڕمانی فەیلەسوفەکان)(ل٩٧). چاپی یەکەم ـ چاپخانەی گەنج

دواتر ئێوە ناوتان لێناوە مەخلوق کەوایە مەخلوق دەستپێکی دروستکردنی هەیە، بۆیە هەر بەزەرورەتی عەقڵ ئەگەر بێت و ئەو زنجیرەیە بە هەمیشەیی بێ لە ڕابووردوو ئەوە باتڵە چونکە پێویستە لە حەددێکدا بووەستێ، لەبەرئەوەی دەچێتە ناو نەزەریە پووچەکەی فەیز کە هەروەك لەسەرەوەدا پوچەڵمان کردەوە، بۆیە ئەوەی ئیبن و تەیمیە تەرحی کردووە لە کوفرەوە نزیکە، کەچی زاناکانمان تەکفیریان نەکردووە، بەس گوتوویانە: وتەکەی کوفرە. بۆ زێدە زیاتر دەتوانی کتێبی (تهافت الفلاسفة)ی ئیمامی غەزالی و (ڕەددەکەی ئیمامی ئیخمیمی بخوێنیتەوە کە لە ڕەددی ئیبن و تەیمیەدا نوسیویەتی)[٢٤].

---

[٢٤] بڕوانە: (إبن تيمية ذلك الوهم الكبير ـ تصريح إبن تيمية بقدم العالم ـ لأبي هاشم السيد الشريف)(ل٣٥). (الكاشف الصغير لعقائد إبن تيمية للعلامة الدكتور سعيد فودة). (رسالة في الرد على إبن تيمية في مسئلة الحوادث لا أول لها ـ للإمام العلامة الزاهد عبد الوهاب الإخميمي المصري الشافعي). وە بۆ زانینی وتەکانی ئیبن و تەیمیە هەر لە خودی کتێبەکانی

وە سەبارەت بە فەیلەسوف مەلا سیدرەی شیرازی شیعی دەربارەی گەردوون و قەدیمیەت ئەو پێی وایە کەوا گەردوون و ماددە بەردەوام لە دروستبوون و فەنابووندان هەر لە ئەزەلەوە تا ئەبەد واتە: ماددە لە یەککاتدا دروست دەبێ و لەناو دەچێ، بۆ نموونە تۆ بەسەر پردێکدا دەڕۆی کاتێ کە لە پردەکە دەگەڕێیتەوە هەمان پردی پێشوو نیە بەڵکوو ئەوەی پێشوو لەناو چووە. مەلا سیدرە پێش زانای فیزیکزان شرۆدینگەر کەوتووە بۆ تیۆری بەردەوام دروستبوونی ماددەو لەناوچوون، ئیبن و عەرەبیش پێی وایە کەوا زەمەنی لەناوچوونی عەرشی بەلقیس یەکسانە

---

خۆیەوە بڕوانە: (المنهاج السنة لإبن تیمیة)(ل٧٥ـ ٦٤ـ ٢٤٥ـ ) ط. مكتبة العلمية. دوو بەرگە بەیەکەوەیە. (المنهاج السنة لإبن تیمیة)(ب١/ل٣٢٠ـ ١١٩ـ ١٥٦) ط. دار الكتب العلمية. (شرح حديث عمران بن حصين)(ل٨٤ـ٨٥) ط. مؤسسة الريان. (مجموع الفتاوى)(ب١٠/ل١٤٢/ب١٣/ل١٨٦) ط. مكتبة التوفيقية. (شرح حديث النزول)(ل٤١٥) ط. دار العاصمة. (التفسير الكبير)(ل١١٣) ط. دار الكتب العلمية.

به زەمەنی هاتنە کایەوەی لە لای سلێمان، واتە: زۆر خێرایە لەسەرووی ژێری مرۆڤەوەیە، بۆ نموونە: گەر لە دوورەوە سەیری گڵۆپێك بکەین هەست دەکەین گڵۆپەکە لە پێش چاومان پێ دەبێ و دەکوژێتەوە، بەڵام کە لێی نزیك دەبینەوە، ئەوە لە پێش چاومان سابیت دەبێ و دەست بەجووڵە ناکات، بێگومان ئەو گڵۆپە پەنجا جار پێ دەبێ و دەکوژێتەوە لە یەککاتدا چونکە بە پەنجا هێرتز یاخود زیاتر کار دەکات والله أعلم، جا بەپێی تیۆری مەلا سیدرە مەفهوومی گەردوون هەم فەیزە وەهەمیش لەگەڵ فەیزەکەش بەردەوام لە دروستبوونە، ئەمەش بەشی یەکەمی باتڵە هەروەك لە سەرەوەدا بەیانمان کرد، وە بەشی دووەمیشی باتڵە هەروەك ئیمامی غەزالی کە مشتومڕی لەگەڵ فەیلەسوفەکان کردووەو ئەوان وتەی ئەشاعیرەکانیان هێناوە کە دەفەرموون: "هەرچی ئەعرازو لابەلایە بەخۆیان لەناو دەچن و، مەزندەی مانەوەیان ناکرێت، لەبەرئەوەی ئەگەر مەزندەی مانەوەیان بکرێت، مەزندەی لەناو چوونیشیان ناکرێت، هەرچی جەوهەرەکانن (واتە: ماددە) بەخودی خۆیان نامێننەوە، بەڵکوو بەمانەوەیەکی زیاد لە هەبوویی خۆیان دەمێننەوە (لەبەرئەوەی مانەوە

ئەعڕازە، ئەگەر ئەعڕازەکانیش لە دوو زەمەندا بمێننەوە ئەو کاتە مانەوەیان بەخودی خۆیان دەبێت، نەوەك بە مانەوەیەکی زیاد لە خۆیان)، لەبەرئەوەی ئەگەر خودا مانەوەی دروست نەکردایە لەبەر نەبوونی مانەوە لەناو دەچوون، ئەو بۆچوونەش ناتەواوە، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی هەستپێکراو لە نەمانەوەی ڕەشیەتی و سپیەتی و نوێبوونەوەی هەبوونیان، عەقڵیش ئەوە ڕەتدەکاتەوە، هەروەك ئەو وتەیە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت: لە هەموو حاڵەتێکدا هەبوونی جەستە لە نوێ بوونەوەدایە، جا ئەو عەقڵەی بڕیار دەدات کە ئەو قژەی لەسەر سەری مرۆڤدا هەیە لە ڕۆژی خۆیدا بریتیە لە هەمان ئەو قژی دوێنێ نەوەك هاوشێوەکەی، بەهەمان شێوە بڕیار لەسەر ڕەشێتی قژەکە دەدات".

وە بۆ لەناوچوونی ئەعڕازو جەوهەریش بەشێك لە ئەشعەریەکان گوتوویانە: "ئەعڕازەکان بەخودی خۆیان لەناو دەچن، هەرچی جەوهەرەکانیشە بەو جۆرە لەناودەچن کە خودا نە جووڵەو نە سکونی

(واتە: وەستاوی) تیایدا دروست ناکات، هەروەها نە کۆبوونەوەو نە جیابوونەوە (واتە: نە ئیجتیماع و فەصل لە جەوهەردا دروست ناکات) ئینجا مەحاڵە تەنێك بتوانێت بمێنێتەوە کە نە جووڵەی هەبێت نە سوکونی، ئیتر بەو شێوەیە لەناو دەچێت"[٢٥].

جا ئەو وتەیەی ئیبن و تەیمیە سابیت بووە کە وتوویەتی هەروەك حافیزی تقی الدینی سوبوکی لە ریسالەکەی خۆی(الدرة المضیة) ڕەددی داوەتەوە، وە حافیزی ئەبو سەعید عەللائیش سابیتی کردووە لە سوبوکی هەروەکوو قوتابیەکەی خۆی صەفەدی لە چەند دێڕ شیعرێکدا لێیەوە نەقلێ دەکات کە قوتابی ئیبن و تەیمیەش بووە.

**ولإبن تيمية رد عليه وفي ... بمقصد الرد واستيفاء أضربه**

**لكنه خلط الحق المبين بما ... يشوبه كدر في صفو مشربه**

**يحاول الحشو أنى كان له ... حثيث سير بشرق لأو بمغربه**

---

[٢٥] (داڕمانی فەیلەسوفەکان)(ل٩٤).

**يرى حوادث لا مبدا لأولها ... في الله سبحانه عما يظن به**

وه عەللامەی بەیازی حەنەفیش دوای ئەوەی بەڵگەکان لەسەر دروستبوونی جیهان دەهێنێ ئینجا دەفەرمووێ: "ئەوە پوچەڵ بوویەوە کە ئیبن و تەیمیە گومانی بۆ دەبرد لە هەر هەبوویی عەرش هەروەکوو لەشەرحی عضدیەدا"[٢٦].

وە هەروەها موحەددیس و ئوصوڵی بدر الدینی زەرکەشی لە (تشنیف المسامع) نەقڵی کردووە کەوا یەکدەنگی موسڵمانان لەسەر کوفری ئەو کەسەیە کە دەڵێ جۆری ئەم جیهانە قەدیمە ئەمەش دوای ئەوەی کە فەیلەسوفەکان گوتیان: جیهان قەدیمە بە ماددەکەیی و شێوەکەی، وە هەندێکیشیان گوتیان: ماددەکەی قەدیمە بەڵام شێوەکەی دروستکراوە، جا ئیمامی زەرکەشی دەفەرمووێ: "موسڵمانان ئەوانەیان بە گومڕا داناوەو بە کافریان داناون". وە وێنەی ئەوەش حافیزی ئیبن و دەقیقی

---

[٢٦] (إشارات المرام عبارات الإمام أبي حنيفة)(ل١٦٥). ط. دار الكتب العلمية

عیدو قازی عیازی مالیکی و حافیزی زین الدینی عیڕاقی و حافیزی ئیبن و حەجەر لە شەڕحی بوخاری، وە غەیری ئەمانەش باسیان لێوە کردووە"[27].

وە قازی عیازیش دەفەرمووێ: "بە هەمان شێوە ئەوە دەچەسپێنن لەسەر کوفری ئەو کەسەی کە دەڵێ: جیهان قەدیم و هەر هەبوویە، یاخود مانەوەی یاخود گومانی لەوە هەبێ لەسەر مەزهەبی هەندێ لە فەیلەسوفەکان و دەهریەکان"[28].

شێخمان حافیزی ئیبن و حەجەر لە (فتح الباری) لە حافیزی عیڕاقیەوە نەقڵی کردووە لە (شرح الترمذي) کەوا فەرموویەتی: "ئەوەی صەحیح بێ تەکفیر کردنی ئەو کەسەی کەوا ئینکاری ئیجماع و یەکدەنگی دەکات، ئەمەش کۆت و قەیدار دەکرێ بە ئینکاری کردنی

---

[27] (تشنیف المسامع بجمع الجوامع لتاج الدین السبکي للإمام الزرکشي)(ل٧٠) ط. مؤسسة القرطبة

[28] (کتاب الشفا)(ب٢/ل٢٣٦) ط. دار الفکر

ئەو شتە زانراوانەی کە هەبوونی زانست پێیانەوە واجبە بە تەواتوری، جا یەکێ لەو شتە متەواتیرانە دروستبوونی جیهانە، هەروەکوو قازی عیازو غەیری ئەویش باسی یەکدەنگیان کردووە دەرحەق کوفری ئەو کەسەی کە دەڵێ: جیهان قەدیمە، وە ئیبن و دەقیقی عیدیش فەرموویەتی: "لێرەدا کەسانێك کەوتن و بانگەشەی زیرەکیان دەکرد لە زانستە عەقڵیەکانداو مەیلیان بەلای فەیلەسوفەکاندا هەبوو ئیتر وا گومانیان برد ئەوانەی پێچەوانەی دروستبوونی جیهان بکات تەکفیر ناکرێ چونکە وەکوو پێچەوانەی ئیجماع و یەکدەنگیە، وە ئەو وتەیەی ئێمەشی بەدەستەوە گرت کەوا ئەوەی ئینکاری ئیجماع بکات تەکفیر ناکرێ هەرگیز، هەتا نەقڵیش سابیت دەکات بە تەواتوری لە خاوەنی شەڕعەوە. جا ئیبن و دەقیق دەفەرمووێ: ئەمەش دەستگرتنێکی ساقیت و کەوتووە یان بەهۆی کوێرایەتیە لە چاودا یانیش خۆی کوێر دەکات، لەبەرئەوەی دروستبوونی جیهان ئیجماع و تەواتورو نەقڵی تێدا کۆبووەتەوە"[٢٩].

---

[٢٩] (فتح الباري شرح صحيح البخاري)(ب١٣/ل١٧٢) ط. دار الكتب

وە حافیزی مورتەزا زەبیدی دوای ئەوەی کە وتەی فەیلەسووفەکانی هێناوە کەوا ئینکاری گشت موسڵمانانیان کردووە لەبەر حەشری جەستەو زانستی خودا گشتگیرەو جوزئی نیە لەگەڵ هەمیشەیی جیهان جا هەرسێکی بەکوفر داناوەو بە پوچەڵکردنەوەی شەریعەتی خوایشی داناوە وە دەفەرمووێ: "وە یەکێ لەو کوفرانەش کە گوتیان هەمیشەیی جیهان و ئەزەلیەتەکەیەتی، کە هیچ موسڵمانێك بۆ ئەو بۆچوونە نەڕۆیشتووە"[30].

وە لە شوێنێکی تردا لە (شرح عقیدة إبن الحاجب) لە ئیمامی سوبوکیەوە نەقڵی کردووە کەوا فەرموویەتی: "ئاگاداربە! حوکمی جەوهەرەکان و ئەعرازەکان هەموویان دروستکراون، کەوایە جیهان هەمووی دروستبووە، وە لەسەر ئەمەش یەکدەنگی موسڵمانان

---

العلمية

[30] (إتحاف السادة المتقين بشرح إحياء علوم الدين)(ب١/ل٢٨٧) ط. دار الكتب العلمية

دامەزراوە، بەڵکوو هەموو تاقم و فیڕقەکانیش، وە هەرکەسێکیش پێچەوانەی ئەمە بکات ئەوە کافرە، لەبەرئەوەی پێچەوانەی ئیجماعی یەکلایی کراوەی قەتعی کردووە"[31].

---

[31] هەمان سەرچاوە (ب٢/ل١٥٣). وتەکانی باوکی غەزالی کۆتایی پێ هات.

# پێناسەی ئیمان

ئەبو عبد الله کوڕی خەفیف دەفەرمووێ: "ئیمان بریتیە له بەڕاستزانینی دڵەکان (تصدیق القلوب) بەوەی کەوا حەق (کە خودایە) لە جیهانی پەنهاندا فێری کردووە (واتە: بە ڕاستزانینی ئەو زانیاریانەی کە خودا لە غەیبەوە بە جوبریلی ناردووە بۆ سەر فەخری کائینات)[32].

[32] ئەبو عبد الله کوڕی خەفیفی شیرازی، ساڵی ٢٧٦ کۆچی لە دایکبووە. شەیخی سەردەمی خۆی بووە، وە شێخی شێخەکان بووە، وە تاکی وەقتی خۆی بووە. کەسێکی زاناو خواناس و شافیعی مەزهەب و شێخی هەرێمی فارس بووە. لە بنەماڵەی سەرکردەکانە، بەڵام چووە ناو زوهدو دونیا نەویستی و، وازی لە باق و بریقی دونیا هێناو، زۆر سەفەری دەکرد. وە چەندین کتێبیشی دانا، لە ساڵی ٣٧١کۆچی وەفاتی کردووە. لەسەرە مەرگ پێی گوترا: بڵێ لا إله الا الله، ئەویش ڕووی خۆی وەرگێڕاو فەرمووی: من هەموویی خۆمم لە هەموویی تۆدا فەنا کرد. واتە: ئەوەی هەمبوو لە ماڵ و سامان و نەفس و ڕوح و دونیام

ئەبو عەبباسی سەییاری دەفەرمووێ: پێدان وبەخشینەکانی خودا دوو جۆرن:

ڕێزلێنان و هەڵنان یاخود مەکرو ڕێپێدراوێکە (ئیستیدڕاج) جا ئەوەی خودا بەسەرتەوە دەیهێڵێتەوە ئەوە ڕێزلێنانە، وە ئەوەیشی لێت دەگرێتەوە ئەوە هەڵنانە، بۆیە بڵێ: من باوەڕدارم إن شاء الله، وە ئەبو عەبباسیش شێخی سەردەمی خۆی بووە[٣٣].

گوێم لە مامۆستا ئەبو عەلی دەققاق بوو (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەیفەرموو: "پیاوێك تانەی لە قاچەکانی ئەبی عەبباسی سەییاری دا،

---

گشتی فەنا کرد لە پێناو گەیشتن بەتۆو مەعریفەتی تۆ. بڕوانە: (شذرات الذهب)(ب٣/ل٧٦). (الأعلام للزركلي)(ب٦/ل١١٤).

[٣٣] ئەبو عەبباسی سەییاری ناوەکەی قاسمی کوڕی قاسمە، خەڵکی مەڕوە. هاوەڵایەتی واسیطی کردووەو، زانستەکانی ئەهلی تەصەوف دراوەتە پاڵیەوە. صۆفی و خواناس و زانایەکی زاهید بووە. لە ساڵی ٣٤٢ کۆچی وەفاتی کردووە. بڕوانە: (الرسالة القشيرية)(ل٨٠) ط. دار الكتب العلمية

ئەویش پێی فەرموو: تانە لە قاچێك دەدەی کە هەرگیز هەنگاوم پێ نەناوە لە سەرپێچی کردنی خوادا"[34].

---

[34] ئەبو عەلی دەققاق ناوی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی محمدی نەیسابووریە. خەزووری ئیمامی قوشەیریە کە فاتیمەی کچی لە لایەتی. لە ساڵی ٤٠٥ کۆچی وەفاتی کردووە. زاهیدو عابیدو شەیخی زەمانی خۆی بووە لە عیلم و مەعریفەت و ئەحواڵدا. ڕێگایەکی ساغ و سوپاسکراوی هەبووە. ڕێگای شێخ جونەیدی گرتبوو. مەزهەبی شافیعی لە قەففاڵ و حوصەری وەرگرتبوو. ئەوەندە زانابوو بارگەکان بۆ لای ئەو دەپێچرانەوە بۆ وەرگرتنی زانست و مەعریفەت. لە هەموو زانستەکاندا دەستێکی باڵای هەبووە. شافیعی مەزهەبەو لە ئوصولێشدا لەسەر عەقیدەی ئەهلی سوننەو جەماعەتە لە زانا ئەشعەریەکانە. بڕوانە: (سير الأعلام النبلاء)(ب١٨/ل٢٢٨) ط. الرسالة. (شذرات الذهب)(ب٥/ل٤٠). (البداية والنهاية)(ب١٢/ل١٦) ط. إحياء التراث. (طبقات الشافعية الكبرى للسبكي)(ب٤/ل٣٣١) ط. هجر.

ئەبو بەکری واسیطی دەفەرمووێ: "هەر کەسێ بلێتن من بە حەق ئیمانم بە خودا هێناوە، ئەوە پێی دەگوترێ: حەقیقەت ئاماژە دەکات، بۆ بەسەرداڕوانین و ئاگاهی تەواو و دەورەدان، جا هەر کەسێ ئەمە ون بکات ئەوە بانگەشەکەی بەتاڵ و پووچ دەبێتەوە". مەبەستی بەوە ئەوەیە کە ئەهلی سوننەت فەرموویانە: باوەڕداری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە بە بەهەشت بڕیاری بۆ دراوە، جا هەرکەسێ ئەوە لە نهێنی حیکمەتی خودا نەزانێت ئەوە بانگەشەکەی بەوەی کە باوەڕداری ڕاستەقینەیە نا دروستە"، (واتە: کابرا لە خۆی ئەمین بێ و بلێتن من ئیمانداری ڕاستەقینەم ناشزانێ پاشەڕۆژەکەی بۆ بەهەشتە یاننا؟! هیچ بەڵگەنامەیەك و موژدەیەکی لە جیهانی غەیبەوە لە خوداوە بۆ نەهاتووە، وە نەشی توانیوە پەی ببات ئیتر بانگەشە کردنەکەی سەرسام بوونەکی نەفسی شەخصیە، دەبێ تەوبە بکات، چونکە خوا دەزانێ چارەنووسی چۆنە)[٣٥].

---

[٣٥] ئەبو بەکر محمدی کوڕی موسای واسیطیە، بە ڕەچەڵەك خۆراسانیەو لە

سەهلی کوڕی عبد الله توستەری دەفەرمووێ: "ئیمانداران بە چاوەکانیان سەیری خودای گەورە دەکەن، بەبێ دەورەدانی خوداو پەیبردن بەڕەهایەتی خوا بە شێوەیەکی کۆتایی"[36].

---

فەرغانە کە شارێکە لکاوە بە وڵاتی تورکستان، زانایەکی خواناس و شێخی صۆفیەکانی سەردەمی خۆی بووە، هاوەڵایەتی شێخ جونەیدو نووری کردووە، لە دوای ٣٢٠ کۆچیەوە وەفاتی کردووە. بڕوانە: (رسالة القشيرية). ئەوەی ناو کەوانەکەی سەرەوە ڕوونکردنەوەی خۆمە.

[36] ئەبو محمد سەهلی کوڕی عبد الله توستەری، پیاوێکی زاناو زاهیدو خواپەرست و شەیخی زەمانی خۆی بووە، خاوەن ئەحواڵ و مەقام و کەرامات بووە، بە خزمەت زوننوونی میسری گەیشتووە، ئەو زوهدەی ئەو کردوویەتی وێنەی نیە. لە ساڵی ٢٧٣ کۆچی وەفاتی کردووە. سەنەدی وتەکەی حەزرەتی سەهلیش بەو جۆرەیە: ئیمامی قوشەیری دەفەرمووێ: گوێم لە شێخ ئەبو عبد الرحمانی سوللەمیەوە بوو کە دەیفەرموو: گوێم لە ئەبو لحەسەنی عەنبەریەوە بوو کە دەیفەرموو: گوێم لە سەهل بوو. بڕوانە: (رسالة القشيرية).

ئەبو حوسەینی نووریش دەفەرمووێ: "خودا تەماشای دڵەکانی کرد، هیچ دڵێکی نەبینی کە هێندە شەوقدارتر بێ لە دڵی محمدی (صلی الله علیە وسلم)، هەر بۆیەش ڕێزی لێنا بە (سەفەری) میعراج بۆ پێشخستنی بینین و گفتوگۆ (واتە: بینین و گفتوگۆ لەگەڵ خوادا)"[٣٧].

محمدی کوڕی مەحبووب کە خزمەتکاری ئەبو عوسمانی مەغریبیە دەفەرمووێ: "ڕۆژێك ئەبو عوسمانی مەغریبی پێی گوتم: ئەی محمد، گەر ڕۆژێك یەکێك پێی گوتی: مەعبودی تۆ لە کوێیە؟ چی پێ دەڵێی؟

---

[٣٧] ئەبو حوسەین ئەحمەدی کوڕی محمدی نووری لە بەغدا لە دایکبووەو پێگەییوە. بنەڕەتیشی بە غەویە، هاوەڵایەتی شێخ سەری سەقەطی و ئیبن و ئەبی حەواری کردووە. یەکێکە لە هاوشانەکانی شێخ جونەید ڕەحمەتی خوایان لێ بێ. ئەبو ئەحمەدی مەغازلی دەفەرمووێ: "کەسێکم نەبینیوە هێندەی نووری خواپەرستر بێ. گوترا: هەتا لە جونەیدیش؟ فەرمووی: هەتا لە جونەیدیش". لە ساڵی ٢٩٥ کۆچی وەفاتی کردووە. بڕوانە: (رسالە القشیریە).

ئەڵێ منیش وتم: وەك چۆن لە ئەزەلەوە بووە.

ئەویش فەرمووی: گەر پێت گوترا: لە ئەزەلدا لە کوێ بوو؟ چی ئەڵێیت؟

ئەڵێ وتم: وەك چۆن لە ئێستادا (واتە: وەك چۆن هەبووە بەبێ شوێن، ئێستاکەش هەر لەسەر حاڵەتی خۆیەتی).

جا محمد گوتی: لەو قسەیەی من ڕازی بوو، کراسەکەی لەبەر کردەوەو پێشکەشی کردم"[٣٨].

---

[٣٨] ئەبو عوسمان سەعیدی کوڕی سەلامی مەغریبیە، تاکی سەردەمی خۆی بووە. وەکوو ئەو لە پێشدا وەصف نەکراوە. هاوەڵایەتی ئیبن و کاتب و حەبیبی مەغریبی و ئەبو عەری زەجاجی کردووە، وە بە خزمەت نەهرەجووری و ئیبن و صائیغ و غەیری ئەمانەش گەیشتووە. لە نەیسابوور لە ساڵی ٣٧٣ کۆچی وەفاتی کردووە. بەر لەمردن وەصیەتی کردبوو کەوا ئیمامی ئەهلی سوننەو جەماعە نوێکەرەوەی دین ئوستاز ئیبن و فوورەکی ئەشعەری نوێژی لەسەر بکات، ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێ. بڕوانە: (رسالە القشیریە).

ئیمامی قوشەیری دەفەرمووێ: گوێم لە ئیمام ئەبو بەکری ئیبن و فوورەك بوو ڕەحمەتی خوای لێ بێ کە دەیفەرموو: گوێم لە عوسمانی مەغریبی بوو کە دەیفەرموو: کاتی خۆی باوەڕم بە شتێك لە شوێن و لا هەبوو (مەبەستی ئایەتی: الرحمن علی العرش استوی یە کە پێی وابووە خودا لەسەر عەڕشە) کە هاتمە بەغدا ئەوەم لە دڵدا نەما، بۆیە بۆ هاوەڵەکانی مەککەم نوسی: من ئێستاکە موسڵمان بووم بە ئیسلامەتیەکی نوێوە (واتە: کاتی خۆی بڕوای بەوە هەبووە کە خودا لەسەر عەڕش بووەو لەسەر جیهەتێك بووە، جا کە هاتە بەغدا لەوێ ئیمامی ئەهلی سوننە ئیبن و فوورەکی ئەشعەری شەیخی بەغدابووەو، لە لای ئەو حەقیقەتی بۆ ڕوون بووەتەوە کە خودا بێ شوێن و مەکان و زەمانە، هەر بۆیەش وای حیساب کردووە کە پێشتر موشریك بووەو ئێستاکە موسڵمان بووە، یاخود حاڵی پێشووتری ئیسلامی ڕاستەقینە نەبووە کە کاتی خۆی لەسەری بووە).

پرسیار لە ئەبو عوسمانی مەغریبی کرا دەربارەی بوونەوەران، ئەویش فەرمووی: چەند قالب و جەستەیەکن بڕیارەکانی قودرەتیان بەسەردا گوزەر دەکات".

واسیطی دەفەرمووێ: کاتێ ڕوحەکان و جەستەکان بە خوداوە ڕاوەستاون، ئیتر بەهۆی ئەوەوە دەرکەوتن نەك بەخودی خۆیانەوە، هەر بەو جۆرەش خەیاڵ و شتە بەسەر هاتووەکانی دڵ و دەروون و جووڵەکان بە خوداوەوەیە نەك بە خودی خۆیانەوە، چونکە خەیاڵەکان و جووڵەکان لق و پۆپی جەستەو ڕووحەکانن". بەم قسەیە ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت بە دەستهاتووەکانی بەندەکان دروستکراوی خودان، جا هەروەکوو چۆن هیچ بەدیهێنەرێك نیە بۆ تەنەکان واتە: ماددەکان جگە لە خوای گەورە نەبێ بەهەمان شێوە هیچ جۆرە بەدیهێنەرێکیش نیە بۆ سیفەتە لابەلاکانی ئەو تەنانەیە.

منیش دەڵێم[٣٩]: فەتوای هەندێ لە زانا گەورەکان سەبارەت بەوانەی کە لاشەو ئەندام بۆ خودا بریار دەدەن. زانای پایە بەرز ئیبن و موعەللیمی قورەیشی شافیعی کە لە میسرٍ لە ٦٦٠ کۆچی لە دایکبووە، وە لە ٧٢٥ کۆچیش وەفاتی کردووەو هاوسەردەمی ئیبن و تەیمیە بووە، وە ئەو کتێبەی خوارەوەشی لە ڕەددی موجەسسیەکەمان داناوە کە دەفەرمووێ: "یەکدەنگن لەسەر کوفرەکەی، وە ئەوانەش کە ئەهلی قیبلەن کە دەڵێ: قورئان مەخلوقە، وە ئەوەیش کەوا خوای گەورە زانیاری بە نەبووەکان نیە پێش ئەوەی وجودیان پەیدا ببێ، وە ئەو کەسەش کە بڕوای وایە خودای گەورە دانیشتووە لەسەر عەرش هەروەکوو قازی حوسێن گێڕاویەتیەوە لە دەقی شافیعیەوە"[٤٠].

وە هەر ئیبن و موعەللیم لە ئیمامی عەلیەوە گێڕاویەتیەوە ڕەزای خوای لێ بێ کە فەرموویەتی: "قەومێك لەو ئومەتە لە کاتی

---

[٣٩] وتەی باوکی غەزالییە.

[٤٠] (نجم المهتدي ورجم المعتدي لإبن المعلم).

نزیکبوونەوەی قیامەت هەڵدەگەڕێنەوە بۆ کافرێتی، پیاوێکیش گوتی: ئەی ئەمیری ئیمانداران کوفرەکەیان بەهۆی چیەوەیە؟ ئایە بە داهێنان و شتە کە پەیدای دەکەن یاخود بە ئینکاری کردنە؟ فەرمووی: بە ئینکاری کردنە، کە ئینکاری بەدیهێنەریان دەکەن بەوەی کە وەصفی دەکەن بە لاشەو ئەندام". واتە: دەست و پەنجەو قاچ و ئەندام بۆ خودا دادەنێن.

وە ئیمامی شافیعیش فەرموویەتی: "موجەسسیەمە کافرە"[٤١]، واتە: ئەوانەی کە جەستەو ئەندام بۆ خودا بڕیار دەدەن.

شێخمان ئیبن و حەجەری هەیتەمیش دەفەرمووێ: "بزانە! ئیمامی قەرڕافی و غەیری ئەویش گێڕاویانەتەوە لە ئیمامی شافیعی و مالیك و ئەحمەدو ئەبو حەنیفەی کەوا ئەو کەسەیان بەکافر داناوە کە دەڵێن: خودا جیهەت و لاو لاشەی هەیە"[٤٢].

---

[٤١] سیوطی گێڕاویەتیەوە لە (الأشباه والنظائر)(ل٤٨٨).

[٤٢] (منهاج القویم)(ل٢٢٤). وتەکەی باوکی غەزالی کۆتایی پێ هات.

وە ئەبو سەعیدی خەڕڕازیش دەفەرمووێ: "هەرکەسێ وا گومان ببات بە بەخشینی هێزو و توانا دەگاتە داوایەکەی ئەوە خۆی ماندوو دەکات، هەر کەسێکیش پێی وابێت بەبێ تێکۆشان دەگات ئەو تەنها هیواو ئاوات دەخوازێت"[٤٣].

---

[٤٣] ئەبو سەعید ئەحمەدی کوڕی عیسای خەڕڕازە، خەڵکی بەغدادە، هاوەڵایەتی زوننونی میسری و نوبباجی و ئەبو عوبەیدی بوسری و سەری سەقەتی و بیشری حافی و غەیری ئەوانیشی کردووە. ساڵی لە دایکبوونی دیار نیە، ئەمما لە ساڵی ٢٧٧کۆچی وەفاتی کردووە. کەسێکی زاناو خواناس و زاهیدبوو. ئەبو سەعیدی خەڕڕاز دەفەرمووێ: "هەموو ژوورەوەیەك پێچەوانەی دەرەوە بێ ئەوە باتڵ و پووچە. وە هەروەها دەفەرمووێ: "ئیبلیسم لە خەودا بینی کە بە لامدا تێپەڕی لە جێگەیەك، منیش گوتم: وەرە، ئەوە چیتە؟ ئەویش گوتی: چی لە ئێوە بکەم، ئێوە ئەوەتان لە نەفسەکانی خۆتان لادا کە بەهۆیەوە فیلێ لە خەڵکی دەکەم. منیش گوتم: ئەوە چیە ئەو شتە؟ ئەویش گوتی: دونیا. جا کاتێ ڕۆیشت ئاوڕێکی لە من دایەوەو گوتی: جگە لەوە شتێکی

وه هەروەها واسیطي ئەفەرمووێ: "مەقامات و پلەو پایەکان چەند بەشێکن دابەشکراون، وه سیفەت و ناوانێکیشیان هەیە دادەبڕێ و پێت دەدرێ، ئیتر چۆن بە حەرەکەو جوولانەوە جرت و فرت و هاتن و ڕۆیشتن بە دەست دێن".

---

خۆشیشم هەیە بۆ ئێوە. گوتم: ئەو شتە چیە؟ گوتی: هاوەڵایەتی کردنی ڕووداوەکان (واتە: بە ڕووداوەکانی دونیا سەرقاڵت دەکات وەکوو هەواڵەکانی ئیمڕۆکەو باس و خواسی ڕۆژگار). حەزرەتی ئەبو سەعید لە وتەیەکی تریدا دەفەرمووێ: ئەوەندەی هاوەڵایەتی صۆفیانم کرد لە نێوان من و ئەواندا خیلافێك ڕووی نەدا. وه سەنەدی وتەکەی سەرەوەش ئیمامی قوشەیری دەفەرمووێ: گوێم لە ئەبو عبد الرحمانی سوللەمیەوە بوو کە دەیفەرموو: گوێم لە محمدی کوڕی عبد الله بوو کە دەیفەرموو: گوێم لە ئەبو جەعفەری صەیدەلانی بوو کە دەیفەرموو: ئینجا ئەبو سەعید.

## پێناسەی کوفر

پرسیار لە واسیطی کرا دەربارەی بێ باوەڕی بەخودا، ئەویش فەرمووی: بێ باوەڕی و ئیمان و دونیاو دوارۆژی لە خوداوەن و بۆ لای خودان و بە خوداوەیە، گەڕانەوەو کۆتایی بۆ لای خودایە، مانەوەو تیاچوون بە خوداوەیە، موڵك و دروستکردنیش هەر بۆ خودایە.

جونەید دەفەرمووێ: پرسیار لە یەکێك لە زانایان کرا دەربارەی یەکتاپەرستی، فەرمووی: بریتی یە لە یەقین.

پرسیارکەرێك پرسی: بۆم ڕۆشنکەوە یەکتاپەرستی چیە؟

فەرمووی: مەعریفەتت هەبێ بەوەی جووڵەو وەستانی دروستکراوەکان تەنها بریتین لە کاری خوداو، لەو کارەدا هاوەڵی نیە، جا ئەگەر ئەوەت ئەنجامدا ئەوە خودات تاك و تەنهاو (یەکتا) کردووە.

پیاوێك هاتە لای زوننوونی میسری و پێی وت: دوعام لە لای خودا بۆ بکە، ئەویش پێی فەرموو: گەر بە ڕاستگۆیی لە تەوحیددا بە زانستی

پەنها پشتیوانیت لیێ بکرێت، ئەوە زۆرێك لە دوعای گیراوت بۆ ڕەوانە دەکرێت، ئەگینا هاوارو بانگ کەسی نقووم بوو لە ئاودا ڕزگار ناکات.

واسیطی دەفەرمووێ: فیرعەون بە ئاشکرا داوای خوایەتی دەکرد، موعتەزیلە بە نهێنی ئەو داوایە دەکەن و دەڵێن: هەرچیم بوویێت دەیکەم.

ئەبو حوسەینی نووری دەفەرمووێ: "یەکتاپەرستی بریتیە لە هەر خەیاڵ و خاتیرەیەك ئاماژە بە خودا بکات لە دوای ئەوەی خەیاڵ و خاتیرەکانی تەشبیهو پێکچوواندن تەنگی پێ هەڵنەچن". (واتە: تەشبیهو پێکچواندنی خوای گەورە بەسەر دڵ و دەروونتدا نەییێ).

پرسیار لە ئەبو عەلی ڕۆزباری کرا دەربارەی تەوحید لە وەڵامدا فەرمووی: تەوحید: بریتی یە لە ڕاستوەستانی دڵ بە دامەزراوی و جێگیربوون، وە جیابوونەوە لە پەکخستن (تەعطیل)و ڕەتکردنەوەی پێکچواندن، تەوحید لە یەك وشەدایە: هەموو ئەوەی بیرو ئەندێشە تەصەوری بۆ دەکات خوای گەورە بەو جۆرە نیە، بە ئایەتی ﴿لَيۡسَ

كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ﴿١١﴾»، واته: هیچ شتێك وەكوو خودا نیە، وە زاتێكە بیسەرو بینەرە.

وە ئەبو قاسمی نەصر ئابادی دەفەرمووێ: "بەهەشت بە مانەوەی خودا دەمێنێتەوە، یادی خواو بەزەیی و خۆشەویستی ئەو بۆ تۆ بە مانەوەی خودا دەمێنێتەوە، جا جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان ئەوەی بە مانەوەی خودا دەمێنێتەوە لەگەڵ ئەوەی بەمانەوەی ئەو بۆی دەمێنێتەوە". (بۆ نموونە: بەهەشت مانەوەكەی بەهۆی خودایە، ئەم زیكرو ئەوڕادو مەعریفەت و وێنەی ئەمانیش مانەوەكەیان بەخودی خواوەیە، چونكە پەیوەندی بەخودی زاتی ئیلاهیەوە هەیە، ئەمما بەهەشت لە غەیری زاتی ئیلاهیە).

جا ئەمە ئەبوقاسمی نەصر ئابادی دەیڵێ لە لوتكەی تێگەیشتن و پێگەیشتندایە، ئەهلی حەق دەڵێن: سیفە قەدیمەكانی زاتی خودا بەمانەوەی خودا ئەمێننەوە، لەم بابەتە بە ئاگابە بەراورد بەوەی بە

هێشتنەوەی خودا دەمێنێتەوە، بە پێچەوانەی ئەوەی سەرپێچیکەرانی ئەهلی حەق دەیڵێن، بۆیە ئەوانە سەرپێچیان لە حەق کرد.

محمدی کوڕی حوسەین دەفەرمووێ: "گوێم لە نەصر ئابادی بوو دەیفەرموو: تۆ لە نێوان سیفەتەکانی کردارو سیفەتەکانی زاتدا دێیت و دەچیت، هەردووکیان بە حەقیقەت سیفەتی خودان، گەر لە مەقامی پەرتبووندا سەرگەردانت بکات ئەوە هاوملت دەکات بە سیفەتەکانی کرداری خۆی، گەر تۆی گەیاندە مەقامی کۆکردنەوە هاوملت دەکات بە سیفەتەکانی زاتی خۆی. ئەبو قاسم نەصر ئابادی شێخی سەردەمی خۆی بووە.

ئەبو ئیسحاقی ئیسفەڕایینی دەفەرمووێ: کە لە بەغدا گەڕامەوە لە جامیعەی نەیسابوور بابەتی ڕووحم دەوتەوە، ئەو قسەم لێکدەدایەوە کە ڕووح دروستکراوە، ئەبو قاسم نەصر ئابادی دوور لە ئێمە دانیشتبوو، گوێی بۆ قسەکانم دەگرت، دوای ئەوە بە چەند ڕۆژێکی کەم لەگەڵمان تێکەڵ بوو و بە محمدی کوڕی فەڕڕائی وتبوو: شایەتی دەدەم من سەر لە

نویٚ لەسەر دەستی ئەو پیاوە (ئاماژەی بە من کردبوو) موسڵمان بوومەوە.

ئیبڕاهیمی کوڕی فاتك دەفەرمووێ: گوێم لە جونەیدی بەغدادی بوو دەیفەرموو: چۆن کەسێك هاوشێوەو هاوتای نەبێت پەیوەست دەبیٚ بە کەسێکەوە کە هاوشێوەو هاوتای هەیە (کە مرۆڤە)؟!

ئەو زۆر دوورەو گومانێکە جێگەی سەرسوڕمانە مەگەر بە لوتفی "الطیف" لەو شوێنەوە کە پەیبردن و ئەندێشەو دەورەدان بوونیان نیە، مەگەر ئاماژەیەکی یەقین و دەستەبەرکردنی ئیمان نەبیٚ.

بە یەحیای کوڕی مەعاز گوترا: دەربارەی خودا هەواڵم بدیٚ.

فەرمووی: خودایەکی تاکو تەنهایە.

پێی گوترا: ئەو چۆنە؟

فەرمووی: پاشایەکی بەتواناو بە دەسەڵاتە.

پێی گوترا: ئەو لە کوێیە؟

فەرمووی: لە چاودێریەکاندایە.

پرسیارکەرەکەش گوتی: پرسیاری ئەوەم لێ نەکردی.

فەرمووی: جگە لەوە سیفەتی مەخلوقە، بەڵام سیفەتی خودا ئەوە هەواڵم پێداوی.

ئەبو عەلی ڕۆزباری دەفەرمووێ: "ئەوەی ئەندێشە بە نەزانین تەصەوری بۆ دەکات و پێیوایە خودا بەو جۆرەیە تەنها ئەندێشەیەو ژێری بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خودا پێچەوانەی ئەو ئەندێشەیە".

ئیبن و شاهین دەربارەی "لەگەڵبوون" پرسیاری لە جونەید کردو وتی: "لەگەڵ" دوو مانای هەیە: لەگەڵ پێغەمبەران بە سەرخستن و لەنگەرپێگرتنیان، خودا دەفەرمووێ: ﴿إِنَّنِي مَعَكُمَآ أَسۡمَعُ وَأَرَىٰ

﴿...﴾[44]، واتە: من لەگەڵتانم و گوێبیستی ئێوەم و دەبینم. لەگەڵ خەڵکی بە گشتی بەزانست و دەورەدان ﴿مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَٰثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَآ أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا ۖ ﴿٧﴾﴾[45]، واتە: سێ کەس پێکەوە چپە بکەن ئەو چوارەمیانەو پێنچ کەس بەیەکەوە چپە بکەن ئەو شەشەمیانەو کەمتر بن لەوە یا زیاتر بن لە هەر شوێنێ بن ئەو لەگەڵیانە (واتە: بەزانست و دەورەدانی خۆی لەگەڵیانە). ئیبن و شاهین گوتی: نموونەی وەك تۆ شایستەیە ببێت بە ڕێنیشاندەری ئوممەت بۆ لای خودا.

---

[44] سورة طه: ٤٦

[45] سورة المجادلة: ٧

# عەڕش

پرسیار لە زوننونی میسری کرا دەربارەی ئەم ئایەتە ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾[٤٦]، فەرمووی: ئیسپاتی زاتی کردووەو نەفی مەکانیشی کردووە. ئەو مەوجودە هەر بەزاتی خۆی، وە شتەکانیش مەوجودن بە حیکمەتی خۆی، هەرچۆنێکی بووێ.

وە پرسیار لە شیبلی کرا دەربارەی وتەی خوای گەورە ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾ فەرمووی: الرحمان کە خودایە هەر هەبووە، وە عەڕشیش دروستکراوە، وە عەڕشیش بەخوداوە وەستاوە.

وە پرسیار لە جەعفەری کوڕی نوصەیر کرا دەربارەی وتەی خوای گەورە ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾ فەرمووی: "زانستی خودا

---

[٤٦] سورة طه: ٥

پەیوەستە بە هەموو شتێك، هیچ شتێك لە شتێکی تر بە قەد هێندەی خوا لەو نزیکتر نیە".

وە ئیمامی جەعفەری صادق دەفەرمووێ: "هەرکەسێ بانگەشەی ئەوە بکات خودا لەناو شتێکدایە یان لە شتێکە یان لەسەر شتێکە ئەوە هاوەڵی بۆ خودا بڕیارداوە، چونکە گەر خودا لەسەر شتێك بوایە هەڵگیراو دەبوو، وە گەر لەناو شتێکیش بوایە سنووردار دەبوو، وە گەر لە شتێکیش بوایە دروستکراو دەبوو".

ئیمامی جەعفەری صادق لەسەر ئایەتی ﴿ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّىٰ ۝٨﴾[47] دەفەرمووێ: "هەرکەسێ وا وەهم و ئەندێشە بکات کە خودا خودی خۆی نزیکبۆتەوە ئەوە لەوێدا ماوەو دووری داوەتە پاڵ خودا، نزیکبوونەوە ئەوەیە: تا لە بەندە نزیکتر ببێتەوە زیاتر دووری دەخاتەوە لە جۆرەکانی ناسراوەکان چونکە نە نزیك بوونەوەیە وە نە دووریش".

---

[47] سورة النجم: ٨

وە بە دەست و خەتی ئوستاز ئەبو عەلی (نوسراوێکم) بینی کە بە صۆفیەك گوترا: خودا لە کوێیە؟ ئەویش گوتی: دەك خوا دوورتخاتەوە، لەگەڵ ئەودا داوای کوێندەرێتی دەکەی؟!

وە ئەبو سەعیدی خەڕڕازیش دەفەرمووێ: "حەقیقەتی نزیکی: بریتییە لە ونکردنی هەستکردن بە شتەکان لە دڵدا، وە ئارامی ویژدانیشە بەرەو لای خوای گەورە".

وە ئیبڕاهیمی خەوواصیش دەفەرمووێ: "چوومە لای پیاوێك کە شەیتان دەستی لێ وەشاندبوو، منیش بانگم دەدا لە نێو گوێچکەکانی، جا شەیتان لە نێویدا بانگی کردم: "لێم گەڕێ با بیکوژم، چونکە دەڵێ: قورئان دروستکراوە".

وە ئیبن و عەطائیش دەفەرمووێ: خوای گەورە کاتێ پیتەکانی دروستکرد کردیە نهێنیەکی خۆی، وە کاتێکیش ئادەمی دروستکرد سەلامی لەسەر بێ ئەو نهێنیەی تێیدا بڵاو کردەوە، جا ئەم نهێنیەشی

بڵاو نەکردووەتەوە لە نێو یەکێك لە فریشتەکانیدا، لەوەوە پیتەکان بەسەر زمانی ئادەمدا هاتووە سەلامی لەسەر بێ بەپێی هونەرەکانی گوتن و هونەرەکانی زمانەکان، وە خوای گەورە وێنەهایەکی بۆ داناوە، جا ئیبن و عەتا ڕاشکاوانە لێدوانیدا کەوا پیتەکان دروستکراون.

وە سەهلی کوڕی عبد الله دەفەرمووێ: "بێگومان پیتەکان زمانی کردارن، نەك زمانی زات بن، لەبەرئەوەی کردارێکە لە بەرکاردا (مفعول)".

فەرمووی: ئەمەش لێدوانێکی ئاشکرایە کەوا پیتەکان دروستکراون.

وە جونەیدیش لە وەڵامی پرسیارەکانی شامیەکان دەفەرمووێ: "پشت بەستن کردەوەی دڵە، وە تەوحیدیش وتەی دڵە، فەرمووی: ئەمەش وتەی ئەهلی ئوصوڵە، بێگومان کەلام: مانایەکە وەستاوە بەهۆی دڵەوە ئەمەش لە یەکێ لە ماناکانی فرمان و قەدەغەکردن و هەواڵ و دەستکەوتنی هەواڵ خۆی دەبینێتەوە".

دووباره جونەید لە وەڵامی پرسیارەکانی شامیەکان دەفەرمووێ: "خودای حەق خۆی تەنیا کردووە بە هۆی زانستی غەیبەوە، جا دەزانێ ئەوەی کە بووە، وە ئەوەیشی کە دەبێ، وە ئەوەیشی کە نابێ، جا هەروەك چۆن زانی کە بووە ئاواش دەزانێ کە چۆن دەبێ".

حوسێنی کوڕی مەنصوریش دەفەرمووێ: "هەر کەسێ حەقیقەتی تەوحید بزانێ ئەوە "بۆچی و چۆن" لێیەوە لادەکەوێ و نامێنێ".

جونەیدیش دەفەرمووێ: "ڕێزدارترینی مەجلیسەکان و بەرزترینی دانیشتنەکان لەگەڵ فیکرو (بیرکردنەوەیە) لە مەیدانی تەوحیددا".

واسیطیش دەفەرمووێ: "خوای گەورە دروستکراوێکی ڕێزدارتری بە قەد هێندەی ڕووح دروست نەکردووە، چونکە ڕاشکاوانە دەڵێ: ڕووح دروستکراوە".

ئوستازو ئیمام زەینولئیسلام ئەبو قاسمی قوشەیری ڕەحمەتی خوای لێ بێ دەفەرمووێ: "ئەم چیرۆکانە بەڵگەیە لەسەر بیروباوەڕی مەشایخە صۆفیەکان کە بەرامبەرەو موافیقی وتەکانی حەقخوازانە لە بابەتەکانی ئوصوڵ".

ئێمەش کورتمان کردەوە لەسەر ئەو ئەندازەیە لە ترسی دەرچوونمان لە کورتکردنەوەو پوختەکردن.

# خوڵاصه

ئوستاز زەینولئیسلام ئەبو قاسمی قوشەیری دەفەرمووێ: "ئەمە چەند بەشێکە کە ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕی مەشایخەکانی لە خۆگرتووە لە بابەتەکانی تەوحید، هەروەکوو لەوەو پێشدا بە ڕیزبەندی باسمان لێوە کرد".

مەشایەخەکانی ئەو ڕێگایە بە پێی قسەو دەستەو نووسینەکانیان دەربارەی تەوحید دەفەرموون: خوای حەق سبحانە وتعالی، مەوجوودە، قەدیم و هەر هەبووە، تاك و تەنیایە، دانایە، تواناداره، زانایە، زاڵە، بە سۆزە، خاوەن ویستە، بیسەرە، شکۆدارە، بەرزە، قسەکەرە، بینەرە، گەورەو موتەکەببیرە، خاوەن دەسەڵات و توانستە، زیندووە، تاکە، ماوەیەو هەر دەمێنێتەوە، پشت و پەناو ڕازو نیازی خەڵکە.

وە زانایە بەهۆی زانستەوە، وە تواناداره بەهۆی توانستەوە، خاوەن ویستە بەهۆی ئیرادەوە، بیسەرە بەهۆی بیستنەوە، بینەرە بەهۆی

بینینەوە، قسەکەرە بەهۆی قسەوە، زیندووە بەهۆی زیندوویێتیەوە، ئەمێنیێتەوەش بەهۆی مانەوە.

وە یەدانی هەیە کە سیفەتانێکی خوای گەورەن، بەهۆیانەوە چی بووێ دروستی دەکات، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو کە دیاری بکرێ (بە بوونەوەران بشوبهێندرێ).

وە وەجهی هەیە[٤٨]، وە سیفاتی زاتیشی تایبەتە بەزاتی، ناگوترێ: ئەوە ئەوە، وە ئەوەش غەیری خۆیەتی، بەڵکوو سیفەتانێکی هەمیشەیی و بەردەوام و بێ بڕانە، وە خوای گەورە هەر لەزاتی خۆیدا تاك و تەنهایە، بە هیچ شتێکی دروستکراوانی ناچێ، وە هیچ شتێکیش لە دروستکراوانی لەو ناچێ، جەستەو لاشە نیە، وە جەوهەرو (تەنۆچکە) وە

[٤٨] وەجهو یەدو ساق و وێنەی ئەمانە لەفزی هاوبەشن لە زمانی عەرەبیدا، هەر بۆیەش دروست نیە بەهەمان مانای زاهیر تەرجەمە بکرێت، هەربۆیەش لە پێشتریش زۆر لەسەر ئەمانە ڕۆیشتین دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ ئەوێ.

عەڕەزو (لابەلا) نیە، وە سیفاتەکانیشی لابەلا نین، وە لە وەهماکانیشدا تەصەوری بۆ ناکاریێ، وە لە عەقڵەکانیشدا ئەندازەو تەقدیری بۆ ناکریێ، وە جیهەت و لاو شوێنی نیە، کات و زەمان بەسەر ئەودا گوزرەر ناکەن (شموولی ئەو ناکات)، وە دروستیش نیە وەصفی بکریێ بە زیادەو نوقستان، وە شێوەو بڕ شموولی ناکات، وە کۆتایی و سنوورەکان ئەو قەتع ناکەن، وە دروستکراوێك تێکەڵی نابیێ، وە کەسیێ نیە هانی بدات لە کردنی کردارێك، وە دروستیش نیە ڕەنگ و شێوەی بۆ بڕیار بدریێ، وە هیچ کۆمەکی و یارمەتیەك ئەو سەرناخات، وە ئەندازەکراوێکیش لە توانستی ئەو دەرناچیێ، وە هیچ فیتڕەتێکیش لە حیکمەتی ئەو جیانابێتەوە، وە هیچ شتێکیش لە زانستی ئەو ون نابێت، وە پێی ناگوتریێ چۆن ئەو کردارانەی دروست دەکات و لۆمەشی لەسەر ناکریێ، وە پێشی ناگوتریێ: لە کوێیە؟ وە چ شێوازێك، وەچۆنیەتیەکەی؟ وە دەستپێکی وجودیشی ناکریێ هەتاوەکوو بگوتریێ: کەی بووە؟ وە مانەوەکەشی کۆتایی نایێ هەتاوەکوو بگوتریێ: ئەجەل و کاتەکەی تەواو بوو، وە ناگوتریێ: بۆچی وای کرد لەوەی کە دەیکات، چونکە هیچ

عیللەت و هۆیەك نیە بۆ کردارەکانی، وە ناگوترێ: ئەو چیە؟ چونکە ڕەگەزی نیە هەتاوەکوو شێوەی بە نیشانەکانی جیابکرێتەوە، دەبینرێ نەك بە بەرامبەرێتی (وەك بینینی من و تۆ)، وە غەیری خۆیشی دەبینێ نەك بە بەرامبەرێتی (وەك بینینی من و تۆ)، دروست دەکات نەك بۆ دەست بردن و سەرقاڵبوون و خەریك بوون، کۆمەڵە ناوێکی جوان و سیفەتانێکی بەرزی هەیە، چی بووێ دەیکات، وە بەندەکانیش بۆ حوکم و بڕیاری ئەو زەیلیل و زەبوونن، هیچ شتێك لە دەسەڵاتی ئەو گوزەر ناکات مەگەر ئیللا بە ویستی ئەو نەبێ، وە هیچ شتێکیش لە موڵکی ئەودا ڕوونادات جگە لەوە نەبێ کە لە پێشدا قەزاکەی نوسراوە، وە ئەوەیشی کە دەیزانێ لە دروستکراوانی کە دەبێ ئیرادەی کردووە کە دەبێ، وە ئەوەیشی کە دەیزانێ نابێتن دەکرێ و دروستە ببێ، وە گەر ئیرادەشی لەسەر بێ نابێ، بەدیهێنەری شتە بەدەستهاتووەکانی بەندەکانە، چاکەو خراپەکەی، وە داهێنەری هەموو ئەو شتانەیە کە لەو جیهانەدا بوونی هەیە هەر لە شتە بەرجەستەکان و شوێنەوارەکان،

کەمیان وە زۆریان، وە نێرەری پێغەمبەرانی خۆیشتی بۆ ئوممەتەکان بەبێ ئەوەی لەسەریشی واجب بێ تا بۆیان بنێرێ.

وە لەسەر زمانی پێغەمبەران صەلات و سەلامی خوایان لەسەر بێ مرۆڤەکان ملکەچ و ژێربارکراون، کە هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ کەسێ تاوەکوو گلەیی و پەڵپ و ئیعتیڕاز بگرێ لە خوای گەورە، وە پشتگیری پێغەمبەری ئێمەشی کردووە صلی الله علیه وسلم بە موعجیزاتی ئاشکرا، وە بە ئایەتانێکی ڕۆشن، بە جۆرێکی وا کە هەموو بیانووەکانی بنبڕ کردووە (تاوەکوو کەس گلەیی نەکات)، وە یەقینیشی دەرخستووەو تەمومژی ڕواندووەتەوە، وە لە دوای وەفاتیشی حەوزەی ئیسلامەتی پاراست بەهۆی خەلیفە ڕاشیدینەکانەوە، پاشان بە پاسەوانانی خوای حەق سەری خست و بەهۆی ئەو بەڵگە دینیانەی کە ڕوونی دەکردەوە لەسەر زمانی ئەولیاکانی، ئوممەتی حەنەفی پاراستووە لە کۆبوونەوەیان لەسەر گومڕایەتی، وە ماددەی باتڵ و پووچێتیان بنبڕ کرد بەهۆی چەقاندنی بەڵگەکان. وە خوای گەورە وەعدەی خۆی هێنایە جێ بە سەرخستنی

دینەکەی بە وتەی خۆی: ﴿لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ۝٣٣﴾[٤٩]، واتە: بۆ ئەوەی دینی ئیسلام بەرز بکاتەوە بەسەر هەموو دینێکدا ئەگەرچی موشریکەکانیش پێیان ناخۆش بێ.

---

[٤٩] سورة التوبة: ٣٣

# ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ | پێشەكی لێكۆلەر |
| ٥ | پێناسەیەكی ئیمامی قوشەیری |
| ٨ | تەوحیدو بنەماكانی عەقیدە لای مەشایخە صۆفیەكان |
| ١١ | ناسینی خودا |
| ٢١ | سیفەتەكانی خودا |
| ٢٧ | گفتوگۆیەك لەگەڵ شێخ ئیبن و تەیمیە لەبارەی هەبوونی مەخلوقات لەگەڵ خوادا بە هەمیشەیی |
| ٤٦ | پێناسەی ئیمان |
| ٥٩ | پێناسەی كوفر |
| ٦٦ | عەڕش |
| ٧٢ | خولاصە |